دابینکردنی مافە نەتەوایەتییەکانی گەلی کورد لە چوارچێوەی ئێرانێکی دێموکراتیکی فێدراڵدا

# کوردستان

ئۆرگانی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران

ژمارە ٦٨٩، یەکشەممە ٣٠ی خەزەڵوەری ١٣٩٥ی هەتاوی، ٢٠ی نوامبری ٢٠١٦، ٥٠٠ تمەن

www.kurdistanmedia.com

## ڕاگەیەندراوی چواردەهەمین پلینۆمی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران

ل٢



سەربەخۆیی هەرێمی کوردستان و حیزبەکانی کوردستانی ڕۆژهەڵات

٤



ئامارە درکاوەکانی ئابووریی ئێران ناڕاستن

٦



جووڵەی ژیان و ڕەنگ مۆرکی تایبەتیی جلوبەرگی ژنانی کرماشانە

٨



محەممەد نەزیف قادری: پەیامی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران ...

١٠

# کابینەی ترامپ و شینگێڕیی خامنەیی



هێنانەبەرباسی بەربژێرە شیمانەییەکان بۆ دەستنیشان کردنی ئەندامانی کابینەی نوێی ئامریکا، بووەتە هۆی نیگەرانیی زۆری ڕێژیمی ئێران.

جان بۆڵتۆن، باڵوێزی پێشووی ئامریکا لە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان، کە وەکوو یەکێک بەربژێرەکانی پۆستی وەزیری دەرەوەی دەوڵەتی ترامپ ناوی لێ دەبرێت، ڕۆژی پێنجشەممە لە دیمانەیەکدا گوتوویەتی: "ئایەتوڵڵاکان هەڕەشەی سەرەکیین بۆسەر ئاشتیی نێونەتەوەیی و تەناهی لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا. دیارە ڕووخانیان هەموو کێشەکانی ناوچەکە چارەسەر ناکات، بەڵام هەڕەشە سەرەکییەکە دەڕەوێنێتەوە".

جان بۆڵتۆن جەخت لەوە دەکاتەوە کە ئەیالەتە یەکگرتووەکانی ئامریکا پێویستە سەبارەت بە ڕووخاندنی ڕێژیمی ئێران، پشتگیریی گرووپە ئۆپۆزیسیۆنەکانی ئەو ڕێژیمە بکات. بۆڵتۆن دەڵێت: "پێم وا نییە ڕێژیم پێگەیەکی لە نێو خەڵکدا هەبێت، بەڵام چەکی بەدەستە و پێم وایە ڕێگاگەلێکی دیکە بۆ پشتگیری کردن لە دژبەرانی ڕێژیم بە مەبەستی دەستەبەر کردنی حکوومەتێکی دیکە، بە بێ پێویستیی هەبوونی هێزی نیزامیی ئامریکا بوونی هەیە".

هەر لەو پێوەندییەدا، دۆناڵد ترامپ، سەرکۆماری هەڵبژێردراوی ئامریکا، سێناتۆر "جێفێرسۆن سیشێنز"ی بۆ پۆستی وەزارەتی دادگوستەری و "مایک پۆمپیۆ"، ئەندامی مەجلیسی نوێنەرانی بۆ پۆستی بەرپرسایەتیی ئاژانسی زانیاریی ناوەندی "ڕێکخراوی سیا" دەستنیشان کردووە.

هەروەها ژەنەڕاڵ "مایکێڵ فێلین"یش بۆ پۆستی ڕاوێژکاری تەناهیی نەتەوەیی دەستنیشان کراوە.

مایک پۆمپیۆ، بەربژێری ترامپ بۆ بەرپرسایەتیی "سیا"، یەکێک لە سەرسەختترین دوژمنانی وتووێژە ناوکییەکان لە کۆنگرەدا بوو. ناوبراو پێشتر سەفەری بۆ ئورووپا کردبوو بۆ ئەوەی بە بازرگانەکان، بانکەکان و دەوڵەتەکان سەبارەت بە وەبەرهێنان لە ئێران هۆشداری بدات و پێیان بڵێت کە؛ لە ئەگەری سەرکەوتنی کۆماریخوازەکان لە هەڵبژاردنەکاندا، گەمارۆکانی سەر ئێران نوێ دەکرێنەوە.

پۆمپیۆ، ڕۆژی پێنجشەممە لە توویتێری خۆیدا سەبارەت بە ڕێککەوتنی ناوکی لەگەڵ ئێران نووسیبووی: "چاوەڕوانی هەڵوەشاندنەوەی ئەم ڕێککەوتنە کارەساتبارە لەگەڵ گەورەترین پشتیوانی تێرۆریسم لە جیهاندام".

ژەنەڕاڵی خانەنشینکراو "مایکێڵ فیلین"یش کە ڕاوێژکاری تەناهیی نەتەوەیی دەبێت، لە کتێبێکدا کە ئەوساڵ بەچاپی گەیاندووە، دەڵێت کە؛ "نامەیەکی بەڕێ کراو بۆ بنلادەن ئاشکرای دەکات کە ئەلقاعیدە لە ئێران چەکی کیمیاوی و بیۆلۆژیکی بەرهەم هێناوە".

فیلین پاش چەند ڕۆژ لە گرێدانی بەرجام گوتبووی کە؛ ئامریکا دەسکەوتێکی ئەوتۆی لەو ڕێککەوتنە نەبووە و ڕووسەکان براوەی سەرەکیی ئەم ڕێککەوتنەن".

سێناتۆر جێف سیشێنز، بەربژێری ترامپ بۆ بەدەستەوە گرتنی پۆستی دادستانی گشتیی ئامریکا، لە لایەنگرە سەرسەختەکانی گونجاندنی ناوی سپای پاسداران لە لیستی گرووپە تێرۆریستییەکاندایە.

بە گوێرەی ڕاپۆرتی هەواڵدەریی فاکس‌نیووز، پێشبینی دەکرێت کە ژەنەڕاڵ "جێیمز مەتیس" کە لە ڕەخنەگرانی سەرسەختی ڕێککەوتنی ناوکی لەگەڵ ئێرانە، بەربژێری سەرەکی بۆ پۆستی وەزارەتی بەرگریی ئامریکا (پێنتاگۆن) لە دەوڵەتی ترامپدا دەبێت.

واشینگتۆن پۆست دەڵێت؛ ئەو خوازیاری تەنبێ کردنی ئێران و هاوپەیمانەکانی بووە بەهۆی هەوڵەکان و دنەدانەکانیان، و لەوانە خوازیاری هەوڵی نهێنی بووە لەمەڕ دەستبەسەر کردن یان کوشتنی هێزە عەمەلیاتییەکانی ئێران و درووست کردنی بەربەست لە بەردەم پاپۆڕە جەنگییەکانی ئەو وڵاتەدا.

ناوی "میت ڕامنی"، سێناتۆری کۆماریخوازیش وەکوو یەکێک لە بەربژێرەکان بۆ بەدەستەوەگرتنی پۆستی وەزارەتی دەرەوەی ئامریکا، دەهێنرێت. لە تەنشت ناوی ئەوەوە، ناوی کەسانێک وەکوو "ڕوودی جوولیانی"، شارەداری پێشووی نیویۆرک، جان بۆڵتۆن، باڵوێزی پێشووی ئامریکا لە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان و "باب کروکێر"، سێناتۆری کۆماریخوازیش دێتە بەرگوێ کە هەر هەموویان بەهۆی هەڵوێستە سەرسەختانەکانیان بەرانبەر ئێران، بەناوبانگن.

بە سەرنجدان بەم ڕاپۆرتانە، بڵاوکراوەی "ئێکۆنۆمیست" ڕاگرتنی بەرجامی لە دەورانی سەرۆک کۆماریی ترامپدا بەدوور زانیوە.

دڵەڕاوکێکانی بەستراوەکان بە ڕێژیمی ئێران لەمەڕ دەرئەنجامی ڕێککەوتنی ناوکی لەوێوە سەرچاوە دەگرێت کە؛ بەرجام یاسایەکی پەسەند کراوی ناوەند و بنیاتە یاسادانەرەکانی ئامریکا نییە، بەڵکوو حوکمی ئیجرایی سەرۆک کۆمارێکە، کە ڕاگرتن یان بەردەوام بوونی، تەنیا بەستراوەتەوە بە بڕیاڕی جێگرەوەکەی.

هەواڵە پێوەندیدارەکان بە دەستنیشان کردن و دیاری کردنی خاوەنانی ئەم پۆستانە و جەخت کردنەوەی ترامپ لەسەر بژاردەگەلێک کە بڕوایان بە پێویستیی لێبڕاوی بەرانبەر ڕێژیمی ئێرانە، لەحاڵێکدا بڵاو دەبنەوە کە خامنەیی، ڕێبەری کۆماری ئیسلامی لە دژکردەوە بە هەڵبژاردنی ترامپ، بانگەشەی ئەوەی کردبوو کە ئەوان سەبارەت بەم ڕووداوە شینگێڕی ناکەن.

## پەیڤ

### ڕاسانی ڕۆژهەڵات

کەریم پەرویزی

خەباتی جیددی و توند و تۆڵ و لە هەمانکاتدا خوێناویی کوردستانی ڕۆژهەڵات، لە بڕگەیەکی هەستیاری مێژوویدا لە پێناوی بەرژەوەندیی بەشێکی دیکەی کوردستاندا سارد کرایەوە و لەو توندوتۆڵیە کەوت و چەرخەکانی بە شێوەیەک شل بوونەوە کە هەندێکیان بەتەواوی ڕاوەستان!

بیست ساڵ بەسەر ئەو ساردبوونەوەی خەباتدا تێپەڕی و خەبات لە شکڵی دیکەدا بەڵام بە کزی بەردەوام بوو. لەو بیست ساڵەدا باشووری نیشتمان گەشەی کرد و بەرژەوەندییەکانی خۆی لە هەندێکیاندا مسۆگەر کرد و لە هەندێکیاندا شێوەی دیکەی بەخۆوە گرت. لەو بیست ساڵەشدا ڕێژیمی دڕندەی ئیسلامی لە تاران دڕندەتر بوو و خەڵکی کوردستانی ڕۆژهەڵاتیش خوازیار و وورووژێنەری باسی وەگەڕخستنەوەی خەبات لە شێوازی جیددیتردا بوون و پێداگر لە سەر بەگژداچوونەوەی دەزگای سەرکوتی ڕێژیم، بەشێوازی دیکە بوون.

بەرژەوەندیی کوردستانی ڕۆژهەڵات قەت لە "بێدەنگی"دا نەبووە، بەرژەوەندیی بەشەکانی دیکەی کوردستانیش گەر سەردەمانێک بە هەڵە وا لێکدرابێتەوە، ئێستا لە بێدەنگیی ڕۆژهەڵاتی نیشتماندا نیە. ڕۆڵەی چاونەترس و لەخۆبردووی وڵاتیش ئامادەن بۆ وەسەرپێ خستنەوەی شۆڕش.

ئەم قۆناغەی خەبات، کە تێیدا شۆڕش وەسەرپێ دەخرێتەوە و بە ڕاسانی ڕۆژهەڵات ناوبانگی دەرکردووە، نابێ لە چوارچێوەیەکی بەرتەسکدا بمێنێتەوە. دەبێ بە مانای وشە ببێ بە ڕاسانی ڕۆژهەڵات.

دەبێ ئەوەمان لەبیربێ کە هێشتا سەرەتای وەسەرپێ خستنەوەی شۆڕشە و بەپێوە ڕاوەستان و بەڕێوەچوونی شۆڕش کاتی دەوێ، تێچووی دەوێ و مرۆڤی شۆڕشگێڕی دەوێ. بەڵام دەبێ لە چەند بواری سەرەکیدا ئەم ڕاسانە ببێ بە ڕاسانی گشتگیر.

ئەو ڕەهەندانە بریتین لە : جوغرافیا، چین و توێژەکانی کۆمەڵ، لایەنە سیاسییەکان،

درێژە لە لاپەڕەی ٢

# نارەزایی ئەفغانستان سەبارەت بە پشتگیریی نیزامیی ئێران لە تاڵەبان



بەرپرسانی ئەمنیەتیی ئەفغانستان بۆ یەکەمینجار، بە فەرمی ڕێژیمی تێرۆریستیی ئێرانیان بە پشتیوانی کردنی نیزامی لە گرووپی تاڵەبان و هاوکاریی چڕوپڕ لەگەڵ ئەو ڕێکخراوە تاوانبار کرد.

پشتگیریی نیزامیی و ماڵیی ڕێژیمی ئێران لە تاڵەبان، تۆمەتێکی نوێ نییە. ئەوەی نوێیە، دژکردەوە و هەڵوێستی ئاشکرای دەوڵەتی ئەفغانستانە بەرانبەر ئەو سیاسەتە.

بە گوێرەی ڕاپۆرتی دۆیچێ‌وێلێ، بەرپرسانی دەوڵەتی ئەفغانستان دەڵێن کە؛ تاران نەک هەر پشتگیریی ئەم گرووپە دەکات، بەڵکوو بازنەی یارمەتییەکانیشی بەرفراوانتر کردووە.

بەگوێرەی ئەم ڕاپۆرتەی "ئاسێف نەنگ"، والیی ویلایەتی "فەراهـ"ی ئەفغانستانیش ڕۆژی ١٩ی خەزەڵوەر لە دیمانەیەکدا لەگەڵ تەلەڤزیۆنی کابۆل گوتی؛ "ئێران لە کەمپگەلێک لە نێو خاکی خۆیدا، ڕاهێنان بە هێزەکانی تاڵەبان دەکات.

وەحید موژدە کە سەردەمێک مەئمووری وەزارەتی دەرەوەی دەوڵەتی تاڵەبان بووە، بە دۆیچێ‌وێلێ دەڵێت: "هەرچەند لە هەموو ئەم ساڵانەدا بابەتی یارمەتی نیزامیی ئێران بە تاڵەبان خراوەتە بەر باس، بەڵام دەوڵەتی ئەفغانستان هەرگیز نارەزایەتیی جیدیی دەرنەبڕیوە. بەتایبەت بە بەراورد کردن بەو دژکردەوانەی بەرانبەر پاکستان لە کۆڕ و کۆمەڵە نێونەتەوەییەکاندا نیشانی داوە و ئەم وڵاتەی بە فەرمی مەحکووم کردووە. بەڵام ئێستا پێدەچێت دەوڵەتی ئەفغانستان لەو پێوەندییەدا جێددی بووبێتەوە".

واڵ‌ستریت‌جۆرناڵ لە مانگی ژۆئەنی ساڵی ڕابردوودا، لە ڕاپۆرتێکدا لە زاری "عەبدوڵڵا" یەکێک لە فەرماندەرانی نیزامیی تاڵەبان نووسیبووی کە؛ "ئێران هەرچەشنە پشتگیرییەکمان دەکات و هەرچیمان بووێت، بۆمانی دابین دەکات". ئەم بەرپرسەی تاڵەبان بە واڵ‌ستریت‌جۆرناڵی گوتبوو کە مانگانە ٥٨٠ دۆلار مووچە لە ڕێژیمی ئێران وەردەگرێت.

# ڕاگەیەندراوی چواردەهەمین پلینۆمی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران

بۆ ئاگاداری ڕادەگەیەنین کە چواردەهەمین پلینۆمی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران هەڵبژێردراوی کۆنگرەی پازدەهەمی حیزب، کاتژمێر ٩ی بەیانیی ڕۆژی شەممە ڕێکەوتی ٢٢ی خەزەڵوەری ١٣٩٥ی هەتاوی بەرانبەر بە١٢ی نوامبری٢٠١٦ی زایینی، بە بەشداریی ئەندامانی ئەسڵیی کۆمیتەی ناوەندی و ئەندامانی جێگر پێکهات و پاش دوو ڕۆژ کاری بەردەوام و باس و بڕیاردان لە سەر بابەتەکانی دەستوورکاری پلینۆم، ئێوارەی ڕۆژی یەکشەممە ٢٣ی خەزەڵوەر کۆتایی بە کارەکانی هێنا.پلینۆم بە ڕاگرتنی خولەکێک بێدەنگی و بەپێوەوەستان بۆ ڕێزگرتن لە گیانی پاک و فیداکاریی شەهیدان بەتایبەت شەهیدانی ئەمساڵی حیزب و ڕاسانی ڕۆژهەڵات دەستی بە کارەکانی کرد. پلینۆم سەرەتا بەرنامەی کاری و دەستوورکاری پلینۆم کە پێشتر بە ئاگاداریی ئەندامانی ڕێبەریی حیزب گەیشتبووی خستە بەرباس و پاش پەسند کردنی، ڕەوتی باسەکان دەستی پێکرد.لە بڕگەی یەکەمی کاری پلینۆمدا، سکرتێری گشتیی حیزب مستەفا هیجری لێکدانەوەیەکی سیاسی و ئاڵوگۆڕەکانی نێوان دوو پلینۆمی کە زۆربەی لایەنەکانی پێوەندیدار بە ناوچە، ئێران و مەسەلەی کورد بە گشتی و مەسەلەی کورد لە کوردستانی ڕۆژهەڵات بەتایبەتی و ئاماژە بە ئاکامی کار و تێکۆشانی ئەو ماوەیەی حیزب و بزووتنەوەی کوردی لەخۆ گرتبوو، پێشکەشی بەشدارانی پلینۆم کرد، لە لێکدانەوەی سکرتێری گشتیی حیزب و لە پێوەندی لەگەڵ ئێراندا سەرنج درابووە دۆخی سیاسی و گشتیی ئێران و بەتایبەت ئاکامی ڕێککەوتنی ١+٥ و کۆماری ئیسلامیی ئێران کە بە بەرجام ناسراوە، بۆچوونی هەردوولای ڕێککەوتنەکە بەرانبەر بە بەڕێوەچوون یا نەچوونی خاڵەکانی ئەو ڕێککەوتننامە ئاماژەیان پێکرا، کە ئەنجامەکەی دەستپێڕاگەیشتنی کۆماری ئیسلامی بە بەشێک لە داراییە بلۆکە کراوەکان و دەست ئاوەڵەتر کردنی کۆماری ئیسلامیی ئێران لە فرۆش و هەڵێنجانی نەوت بوو، بەم حاڵەش کێشەی بیمەی کەشتییە نەوتهەڵگرەکان و خۆبواردنی بانکە گەورەکان لە ساتوسەودا و ڕاگواستنی پووڵ هەروا ماوەتەوە کە ئەوە گیروگرفتەکانی پێشووی بۆ کۆماری ئیسلامیی ئێران وەک خۆی هێشتووەتەوە و هەر ئەوەش وای کردووە کە سەرەڕای لاچوونی گەمارۆ لە سەر فەنناوەری و ماشینسازیی کۆماری ئیسلامیی ئێران، کاری ئەنجامدانی ئەو قەراردادانەی کە لەگەڵ وڵاتانی ئورووپا بەستوویە، بە دڵنیایی و بەشێوەیەکی ئاسایی کاریان پێ نەکرێ و بەشی زۆریان لە بێچارەنووسیدا ماونەوە، بەتایبەت کە تا ئێستاش ڕێگا بە کۆماری ئیسلامیی ئێران نەدراوە کە کاری کڕین و فرۆشتنەکانی بە دۆلار ئەنجام بدا، هەر بۆیە مەسەلەی بەرجام ئێستاش لەنێو دامودەزگا حکوومەتییەکان جێگای مشتومڕ و ئەگەر دەوڵەت وەک کردەوەیەکی ئەرێنی لێی دەدوێ ئوسولگەراکان بەشێوەیەکی ڕەخنەگرانە و دژایەتی کردنی باسی لێوە دەکەن.

بەگشتی دەکرێ بڵێین ئاکامی بەرجام ئەوەیە کە بەرپرسی بانکی ناوەندی باسی لێوەدەکا و دەڵێ تەقریبەن "هیچ"ە.هەر لەو باسەدا بە ئاماژە بە چوونە سەری ڕێژەی بێکاری، فشاری زیاتری دەزگا ئەمنییەتییەکان بۆ سەر خەڵک، بە پێچەوانەی بەڵێنەکانی ڕۆحانی زیاتر و توندتر بووە.

لە لێکدانەوەی سکرتێری گشتیدا ئاماژە بە ئاسایی‌بوونەوەی پێوەندییەکانی کۆماری ئیسلامی و ئورووپاییەکان کرابوو کە سەرەڕای ویستی هەردوولا بۆ ئەم مەسەلەیە کە ئاسایی بوونەوەی سیاسی و تجاری لە خۆ دەگرێ، بە ئاسانی سەری نەگرتووە لەو بارەوە ئورووپاییەکان مەرجیان بۆ ئەم ئاسایی بوونەوەیە هەیە، ئەویش کەمکردنەوەی ڕادەی ئیعدامەکانە بەتایبەت ئیعدام کردنی کەسانی کەمتر لە ١٨ ساڵ، هەوڵدانی کۆماری ئیسلامیی ئێران بۆ وشک کردنی سەرچاوە داراییەکانی تێرۆریزم، شەفافسازیی ماڵی، بەرگری لە پووڵشوویی و لەبەرچاوگرتنی مافی مرۆڤ.لێکدانەوەکە لەو پێوەندییەدا ئاماژەی بەوە دابوو کە جێبەجێ کردنی هەموو ئەو مەرجانە لە کۆماری ئیسلامی ئێران ناوەشێتەوە، بەڵام بە هۆی نیازی ڕێژیم بە ئورووپا و حەزی وڵاتانی ئورووپایی بە بازارەکانی ئێران، لەوانەیە لە پێوەندی لەگەڵ ئەم مەرجانەدا بە شێوەیەکی ناتەواو بە ڕێککەوتن بگەن.

لە لێکدانەوەی سکرتێری گشتیدا لەسەر وەزعی کوردستانی ڕۆژهەڵات ئاماژە بەوە کرا بوو کە؛ هەموو ئەو فشار و ماف پێشێلکاریانەی کە لە هەموو ئێراندا لەسەر خەڵک هەیە، لە کوردستان زیاتر و بەرچاوترن.

گوتاری نوێ لەو پارچەیە لە کوردستان ڕاسانی ڕۆژهەڵاتە کە لێکدانەوەکە بە وردی قامکی لەسەر شوێنەوارە ئەرێنییەکانی ئەو پرۆسەیە لەسەر خەڵک، کادر و پێشمەرگە و ئەندامانی حیزب و دەنگدانەوەی بەرینی لە میدیاکان و سەرئەنجام سەرنج ڕاکێشانی خەڵک و وڵاتان لە ڕادەی ناوچەیی و جیهانیدا بوو.

لەو بارەوە پلینۆم وێڕای لەبەرچاوگرتنی هەموو خاڵە ئەرێنییەکانی ڕاسان، بە لێبڕاوییەوە پێی لەسەر بەردەوامیی ڕاسان داگرتەوە و بۆ بەهێزترکردن و شوێندانەرترکردنی ڕاسان شێوەی چارەسەر کردنی کەم و کوڕییەکانی دەستنیشان کرد و لە هەمانکاتدا سوپاس و پێزانینی خۆی بۆ کادر و پێشمەرگەکان، ئەندامانی حیزب لە نێوخۆی کوردستانی ڕۆژهەڵات، لە دەرەی وڵات، کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان و هەموو ئەو حیزب و لایەنە سیاسیانەی کە بە لێکدانەوەی واقیعبینانە ڕاسانیان هەڵسەنگاند و تەئیید و پشتیوانییان کرد، دەربڕی.

هەر لەو پێوەندییەدا بۆ بەهێزکردنی لایەنەکانی دیکەی ڕاسانیش وەک ڕێکخستن، ڕاگەیاندن و دیپلۆماسی ڕێوشوێنی پێویستی دەستنیشان کرد، لە درێژەی ئەم باسەدا سەرنج درایە چالاکیە مەدەنییەکانی خەڵک و تێکۆشانی NGOکان لە نێوخۆی کوردستانی ڕۆژهەڵات. پلینۆم ئەو چالاکیانەی بە شوێندانەر زانی و ڕێزی لە تێکۆشەرانی بوارە جۆراوجۆرەکانی ئەم شێوەیە لە خەبات گرت و هیواداری دەربڕی کە بەردەوامیی پرۆسەی ڕاسان ببێتە هۆی پێکهاتنی دەرەتانی زیاتر بۆ کار و چالاکیەکانیان. لە بەشێکی دیکەی لێکدانەوەکەی سکرتێری گشتیدا دۆخی تایبەت بە هەرکام لە بەشەکانی دیکەی کوردستان ئاوڕیان لێدرابووەوە و ئاماژە بە خاڵە ئەرێنی و گیروگرفتەکانی بەردەم هەر بەشێک کرابوو، بەتایبەت ئاماژە بەوە درابوو کە لە هەلومەرجی ئێستادا کە هەموو ئەو وڵاتانەی کوردیان بەسەردا دابەش کراوە لەگەڵ دۆخی خراپ و پشێوی بەرەڕوون و ئەوە دەرەتانێکە بۆ ئەوەی کورد بتوانێ بە پاراستنی یەکڕیزی خۆی ئەو هەلە بقۆزێتەوە و بەرژەوەندیی گشتیی کورد لە سەرووی بەرژەوەندیی ڕێکخراوەیی دابنێین.

لە بڕگەیەکی دیکەی کاری پلینۆمدا ڕاپۆرتی شۆرای نیزامیی حیزب لەلایەن بەرپرسی شۆراوە پێشکەش بە پلینۆم کرا.

ڕاپۆرتەکە دەربڕی کار و چالاکیی کادر و پێشمەرگە و ئەندامانی حیزب لە ماوەی دوو پلینۆمدا بوو. ئەو ڕاپۆرتە خاڵە بەهێز و ئەرێنییەکانی تێکۆشانی ئەم ماوەیەی بەڕوونی دەستنیشان کردبوو و لە هەمانکاتدا کەموکوڕییەکانی ئاماژە پێدابوو.

پلینۆم وێڕای ماندووونەبوونی کردن و ڕێزدانان بۆ کار و چالاکییەکانی کادر و پێشمەرگە و ئەندامانی حیزب جارێکی دیکە و لەو بڕگەیەشدا سوپاس و پێزانینی خۆی پێشکەش کردن و بۆ باشتر کردن و شوێندانەرترکردنی تێکۆشانەکان ڕاوبۆچوون و ڕاسپاردەکانی خۆی دەربڕی.

هەر لەوچوارچێوەدا پلینۆم وێڕای پێداگرتنەوە لەسەر پێوەندییەکانی حیزب لەگەڵ حیزب و ڕێکخراو و لایەنە کوردی و ئێرانییەکان ئامادەیی خۆی بۆ کاری هاوبەش بە مەبەستی ڕێکخستنی خەبات دژی کۆماری ئیسلامیی ئێران دەربڕی.

لە بڕگەی کۆتایی کاری پلینۆمدا ئەندامانی ڕێبەریی حیزب لە سەر ڕەوتی چوونە پێشی کارەکانی کۆمیتەی ئامادەکاری کۆنگرەی شازدەی حیزب کە لە لایەن بەرپرسی کۆمیتەی ئامادەکاری کۆنگرەوە پێشکەش کرا ئاگادار کران.

پلینۆم پاش گوێ گرتن و بڕیاردان لەسەر هەموو باس و بابەتەکانی دەستووری کاری پلینۆمی چواردە، کاتژمێر ٥ی ئێوارەی ڕۆژی یەکشەممە ٢٣ی خەزەڵوەر کۆتایی بە کارەکانی هێنا.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران
دەفتەری سیاسی
٢٤ی خەزەڵوەری ١٣٩٥ی هەتاوی
١٤ی نوامبری ٢٠١٦ی زایینی

# مستەفا هیجری لە نامەیەکدا پیرۆزبایی لە دۆناڵد ترامپ کرد

سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە نامەیەکدا پیروزبایی لە دۆناڵد ترامپ، سەرکۆماری نوێی ئامریکا کرد.

دەقی نامەکە:

جەنابی ترامپ، سەرکۆماری ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئامریکا

بە بۆنەی سەرکەوتنی بەڕێزتان لە هەڵبژاردنەکانی پەنجاوهەشتەمین خولی سەرکۆماریی ئامریکا پیرۆزبایی گەرمتان لێ دەکەین، هیوادارین لە ماوەی سەرۆکایەتیەکەتاندا بتوانن خزمەتێکی بەرچاو بە خەڵکی ئامریکا بکەن و شوێندانەر بن لە گەڕاندنەوەی ئاشتی و سەقامگیری لە خۆرهەڵاتی نێوەڕاست لە ڕێگای دابین‌بوونی مافە نەتەوەییەکانی نەتەوە بەشخوراوەکان لە ناوچەدا و کورت‌کردنەوەی دەستی دەوڵەتە تێرۆریست و دیکتاتۆرەکان لەو بەشەی دنیا.

نەتەوەی کورد لەو ناوچەیە بۆ ماوەی زیاتر لە سەد ساڵە لە پێناو ئازادی، یەکسانی و مافی نەتەوەیی خۆیدا خەبات دەکا، حیزبەکەی من، حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، ٧١ ساڵە بە دژی ڕێژیمە دیکتاتۆرەکانی ئێران لەو وڵاتەدا لە بەربەرەکانێ دایە.

کۆماری ئیسلامیی ئێران زیاتر لە سێ دەیەیە هەموو جووڵانەوەیەکی ئازادیخوازی لە ئێران، بە تایبەت لە کوردستانی ئێراندا، سەرکوت دەکا و لەو ماوەیەدا بە هەزاران کەس لە چالاکانی سیاسی و کادر و پێشمەرگەی حیزبەکەی منی ئێعدام و تیرۆر کردووە.لە ئێستادا ئەو ڕێژیمە نەک هەر خەڵکی کورد و باقی گەلانی ئێران سەرکوت دەکا، بەڵکوو دەسەڵات و نفوزی خۆی بە شێوەیەکی بێ‌وێنە لە خۆرهەڵاتی نێوەڕاست پەرە پێداوە و بە دایم تێدەکۆشی بۆ پێکهێنانی نائارامی، ئاژاوە و شەڕ و وێرانی، بۆیە لامان وایە بۆ سەقامگیری و ئاشتی لەو ناوچەیەدا پێویستە دەسەڵاتی ئەو ڕێژیمە بەرتەسک بکرێتەوە و بکەوێتە ژێر زەختێکی ئەوتۆ کە مافە سەرەتاییە سیاسییەکانی نەتەوەکانی ئێران و یەک لەوان نەتەوەی کورد بە فەرمی بناسێ. هیوادارین بە هاوکاری و یارمەتی گەلانی ئەو ناوچەیە، بە تایبەت گەلی کورد لەم ئەرکەدا سەرکەوتوو بن.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی‌ئێران
سکرتێری گشتی

مستەفا هیجری
٢١ی خەزەڵوەری ١٣٩٥ی هەتاوی
١١ی نوامبری ٢٠١٦ی زایینی

# مستەفا هیجری لەگەڵ بنەماڵەی شەهیدانی ڕاسان کۆ بوویەوە

سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران وێڕای هەیئەتێکی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکرات لەگەڵ بنەماڵەی شەهیدانی ڕاسانی کوردستانی ڕۆژهەڵات کۆ بوویەوە.

ڕۆژی چوارشەممە ڕێکەوتی ٢٦ی خەزەڵوەری ١٣٩٥ی هەتاوی، مستەفا هیجری سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە هاوڕێیەتی هەیئەتێکی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکرات لەگەڵ بنەماڵەی شەهیدانی ڕاسانی کوردستانی ڕۆژهەڵات و کۆمەڵێک تێکۆشەری ئەم قۆناغە لە خەبات و تێکوشانی حیزب و گەل کۆبوویەوە.

سەرەتا مستەفا هیجری وێڕای بەخێرهاتن کردنی بنەماڵەی شەهیدەکان لە لایەن دەفتەری سیاسی و ڕێبەریی حیزبەوە، جارێکی دیکە بەداخبوونی حیزبی بۆ شەهید بوونی هاوڕێیانمان دەربڕی و ئاماژەی بەوەدا کە؛ پیرۆزیی ئامانجی شەهیدان و پێشوازیی هاوڕێ سەربەرزەکانیان بۆ بەردەوامی لە خەبات لە ڕێگەی ئەو ئامانجەدا، بۆ ئێمە و گەلی کورد و هەموو ئازادیخوازان جێی شانازییە.

هیجری باسی لەوە کرد کە؛ ئەو تێچووە بۆ ڕزگاریی گەلی کورد لە چنگ ڕێژیمی دیکتاتۆری کۆماری ئیسلامی ئێرانە، بۆ وەدیهێنانی ئەو ئامانجانە ڕۆڵەکانی کورد دێنە سەنگەری هاوڕێ شەهیدەکانمان و بە فیداکارییەوە درێژە بە خەباتەکەیان دەدەن.

سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکرات هەروەها باسی لەوە کرد؛ ئەرکی ئێمەیە بە هەر شێوەیەک بۆمان بکرێ خزمەت بە ئێوە و منداڵەکانتان بکەین، ئێوەش ئەرکێکی سیاسی، نەتەوەیی و نیشتمانپەروەرانە و ئەمەگناسیتان لە سەر شانە، ئەویش ڕێزگرتن لە ئامانجەکانی حیزبەکەتان و پاراستنی بەها مرۆیی و پیرۆزەکانی شەهیدە سەربەرزەکانە، ئەو چاوەڕوانییەتان لێدەکەین هەر وەک تا ئێستا نیشانتان داوە بە حیزبەکەتان وەفادار بوون و تا بە ئامانج گەیشتنی درێژە پێدەر و ئاڵاهەڵگری ڕێگا و ڕێبازی شەهیدە نەمرەکان بن، و نموونەی بە ئیرادە و بەوەج بن.

لە کۆتاییدا بەشدارانی کۆبوونەوەکە وێڕای سپاس و پێزانین لە حیزبی دیمۆکرات بۆ بە ئاگا بوون لە بنەماڵە و منداڵانی شەهیدان، بەردەوامی لە خەبات بۆ گەیشتن بە ئامانجی شەهیدانیان بە ئەرکی سەرشانی خۆیان زانی.

# کۆمیسیۆنی سیاسی نیزامی حیزبی دێموکرات ڕاگەیەندراوێکی بڵاو کردەوە

کۆمیسیۆنی سیاسی نیزامی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە ڕاگەیەندراوێکدا داوای لە سەرجەم ئەندامان و لایەنگرانی حیزب کرد کە لەپێوەندی لەگەڵ حیزب و ڕێکخراوە کوردییەکان ڕەچاوی سیاسەتەکانی حیزب بکەن و خۆیان لە زمانی زبر و ناحەز کە زمانی حیزبی دێموکرات نەبووە و نییە بپارێزن.

دەقی ڕاگەیەندراوەکە بەم چەشنەیە:

بۆ هەموو ئەندامان و لایەنگرانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران

لەگەڵ سڵاو

سیاسەتی حیزبی دێموکرات لە سەر ئەوە داڕێژراوە کە سەرەڕای دەربڕینی بۆچوون و بیروڕای ئازاد، ئەندامی حیزب دەبێ چاوکراوە، تێگەیشتوو و پێگەیشتوو بن، و لە سەر هەر بڕیار و هەڵوێستێکی حیزبی ڕا و بۆچوونی خۆیان دەربڕن و ڕەخنە بگرن تا ئەو ئاستەی کە زەربە لە پرستیژی حیزب نەدات. داواکارین کە ئەندامانی حیزب ڕەچاوی بارودۆخی حەساسی ناوچە و کوردستان و بە تایبەت حیزب بکەن. بە هەموو شێوەیەك هێرش بۆ سەر هەر کام لە حیزب و ڕێکخراوە کوردییەکان و دەستێوەردان لە کاروباری نێوخۆییان بە تەواوی لە ڕوانگەی حیزبەوە مەحکوومە.ئەندامی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران دەبێ وەکوو دێموکراتێك بیر بکاتەوە. هەر کەس ڕەخنە لە حیزب دەگرێت یان دژی سیاسەتی حیزب بوو، دوژمنی حیزب نییە، دەبێ ڕێز لە ڕا و بۆچوونەکانی بگرین و لە ئەگەری پێویستیی وەڵامدانەوەدا، بە ڕەچاو کردنی پێوەرە چەسپاوەکانی بواری ڕەخنە، و هێنانەوەی ئیستدلالی لۆژیکیی سیاسی و بەدوور لە ناوزڕاندن و بێڕێزی، وەڵام بدرێتەوە.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران
کۆمیسیۆنی سیاسی ـ نیزامی

# هاوکارییەکانی کۆمیتەی سوویس بۆ ڕاسان بەردەوامە

کۆمیتەی گشتیی حیزبی دێموکرات لە وڵاتی سوویس، بۆ جاری دووهەم یارمەتیە کۆکراوەکانی بۆ ڕاسان و بۆ پێشمەرگە بەڕێ کرد.

هاوڕێیانی حیزبی لە وڵاتی سوویس، بە سەرپەرستی کۆمیتەی حیزب لەو وڵاتە، یارمەتیەکانیان بۆ پێشمەرگە و بۆ بەشداربوون لە ڕاسانی ڕۆژهەڵات کۆکردەوە و بەڕێیان کردنەوە.

لە ڕۆژانی ڕابردوودا ئەو هاوکارییانە کە بە هەوڵ و داهێنانی بەرپرسانی کۆمیتەی حیزب لە نێو ئەندامان و دڵسۆزانی حیزب لە وڵاتی سوویس کۆکرابوونەوە، بە ئۆرگانە پێوەندیدارەکانی حیزبی دێموکرات گەیشتوون و بەپێی پێویستی کەڵکیان لێ وەردەگیرێ.

شیاوی ئاماژەیە کە کۆمیتەی حیزب لە وڵاتی سوویس جارێکی دیکە، یارمەتی و هاوکاریی بۆ ڕاسانی ڕۆژهەڵات کۆردبووەوە و بەڕێی کردبوو بۆ ئۆرگانەکانی حیزبی دێموکرات.

ئەم جارەش ئەو هاوکارییانە هەم پێداویستیی پێشمەرگانەیان تێدایە و هەم پێداویستیی مرۆیی، کە هەنگاوێکی جێگای ڕێزە.

وێڕای دەستخۆشی و ماندوونەبوونی لە هاوڕێیانی حیزبی لە کۆمیتەی حیزب و ئەندامانی حیزب لە وڵاتی سوویس، بەو هیوایەی کە هەموو ئەندامان و دڵسۆزانی حیزبی، پێداگرتر و بەپێزتر لە جاران بەشداربن لە ڕاسانی ڕۆژهەڵاتدا.

## درێژەی پەیڤ

شێوازەکانی بەشداریی گەل.هەرکام لەو ڕەهەند و لایەنانە، پێویستیی بە وردکردنەوە و هەڵسەنگاندن و وەرددانەوەی زیاتر و زیاترە، تاکوو بەهێزی و لاوازییەکانمان لەو بەشانە و شێوەی بەکردەیی دەرهێنانیان شی بکرێتەوە و ئەزموون بکرێن و لە ئەزموون و هەڵەکان وانەی زیاتر وەربگرین.شیکردنەوە و لێکدانەوەی هەموو ئەو پرسە گرینگانە، کاری فراوان و هەمەگیری دەوێ و ڕوانەگی جیاواز و لێکدانەوەی جیاوزی لێ دەکەوێتەوە و دەبێ بکرێ بە بەستێنی دیالۆگێکی نیشتمانیی سەرتاسەری. چوونکە پرسە سەرەکیەکە پرسی ژیان و خەبات و ئەمرۆ سبەینێی گەلێکە. دەبێ هەم لە وەرددانەوە و لێکدانەوەیدا هەموو دەنگەکانی گەل تێیدا بەشدار بن، و لە بەکردەیی دەرهێنانیشیدا هەموو گەل "پڕ بە مانای وشە" بەشدار بن.ئێمە ڕۆڵەکانی ئەم نەتەوەیە، لەم قۆناغە هەستیارەدا لەبەردەم چەند ڕێیانێکی مێژوویداین و هەڵوێستی ئەمڕۆمان ناسنامەی سبەینێمان دیاری دەکا. ئەرکمانە کە ڕێگاکانی بەردەم بناسین و ئیمکانەکان بدۆزینەوە و هەموو گەل و خەڵکمان، هەر کام لە شوێنی خۆی و بە شێوازی خۆی، بە گژ دوژمندا بچینەوە و لە پێناوی وەدیهاتنی ئازادیماندا دەروەست بین.




## دایکی شەهیدێکی ڕێگای ڕزگاریی کوردستان کۆچی دوایی کرد

دایکی شەهید ئەردەشیر فیرووزی پێشمەرگەی حیزبی دێموکرات کۆچی دوایی کرد.

ڕۆژی سێشەممە ڕێکەوتی ٢٥ی خەزەڵوەری ١٣٩٥ی هەتاوی، دایە "ئێران شەریفی" دایکی شەهید ئەردەشیر فیرووزی خەڵکی شاری کامیارانماڵئاوایی لە ژیان کرد.

دایە ئێران یەکێک بوو لە شێرەژنانی کوردستان کە هەموو کات بە شانازییەوە باسی لە ڕێبازی کوڕە شەهیدەکەی دەکرد و هیچ کاتیش هیوای بۆ ئازادی و ڕزگاری گەلەکەی لەدەست نەدا.

شەهید ئەردەشیر فیرووزی پێشمەرگەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، سالی ١٣٤٢ ی هەتاوی لە "کامیاران" لەدایک بوو.لە پاش شۆڕشی گەلانی ئێران و ئاشکرابوونی خەباتی حیزب چەکی شەرەفی لەشان کرد و بوو بە پێشمەرگە، بەداخەوە ڕێکەوتی ٢٩ی گەلاوێژی ١٣٦٠ی هەتاوی لە شەڕێکی نەخوازراودا شەهید بوو.گڵکۆی شەهید ئەردەشیر لەگوندی "شایەنی"یە.

دایە ئێران شەریفی خێزانی شەهید شاپوور فیرووزی ئەندامی ڕێبەرایەتی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بووە.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران پرسە و سەرەخۆشی خۆی لە بنەماڵەی ناوبراو دەکات و خۆی بە شەریک و بەشداری خەمی بنەماڵەکەی دەزانێت.

## ئەندامێکی حیزبی دێموکرات ماڵئاوایی لە ژیان کرد

"عارف دەرگاهی" ئەندامی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە هۆی نەخۆشیی شێرپەنجە کۆچی دوایی کرد.

ڕۆژی پێنجشەممە ڕێکەوتی٢٧ی خەزەڵوەری ١٣٩٥ی هەتاوی، عارف دەرگاهی کوڕی "حوسێن" خەڵکی گوندی "سەردۆش" لە ناوچەی بەری بەگزادەی مەریوان، بە هۆی نەخۆشینی شێرپەنجەوە لە تەمەنی ٦٩ساڵیدا کۆچی دوایی کرد.

کاک عارف یەکێک لەو ئەندامە دڵسۆزانەی حیزبی دێموکرات بوو کە هەمیشە دڵی لای حیزبەکەی و پێشمەرگەکانی بوو و هەرکات و هەردەم یارمەتیدەرێکی باش و بە ئەمەگی پێشمەرگەکان بوو.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران سەرەخۆشی لە بنەماڵە و خزم و کەسوکاری ناوبراو دەکات و خۆی بە شەریکی خەمیان دەزانێت.

## ئەندامێکی حیزبی دێموکرات لە دەرەوەی وڵات کۆچی دوایی کرد

"زوبەید ئەمینزادە" ئەندامی حیزبی دێموکرات لە وڵاتی سوویس ماڵئاوایی لە ژیان کرد.

ڕۆژی پێنجشەممە ڕێکەوتی ١٣ی خەزەڵوەری ١٣٩٥ی هەتاوی، زوبەید ئەمینزادە کوڕی "ئەمیرخان"، لە تەمەنی ٤٨ ساڵیدا بە هۆکارێکی نادیار لە وڵاتی سوویس کۆچی دوایی کرد.

ناوبراو لە بەخشی "سیلوانا"ی سەر بە شاری ورمێ لە دایک بووە و تا ئاستی دیپلۆم درێژەی بە خوێندن داوە، ساڵی ١٣٦٩ی هەتاوی بوو بە ئەندامی حیزبی دێموکرات و ساڵی ١٣٧٢ی هەتاوی بە هۆی ئاشکرابوونی کاری تەشکیلاتی، زێدی خۆی بەرەو وڵاتی سوویس بەجێهێشت.

ناوبراو لە دەرەوەی وڵاتیش وەک ئەندامێکی چالاکی حیزبی دێموکرات کار و باری حیزبیی بەڕێوە دەبرد.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران پرسە و سەرەخۆشی لە بنەماڵە و خزم و کەسوکاری کاک زوبەید ئەمینزادە دەکات و خۆی بە شەریکی خەمیان دەزانێت.

## بۆ پشتیوانی لە ڕاسان لە مەریوان چالاکیی تەبیلغیی بەڕێوە چوو

ئەندامان و لایەنگرانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە شاری مەریوان، بۆ پشتیوانی لە ڕاسان چالاکیی تەبلیغییان بەڕێوە برد.ڕۆژی شەممە ڕێکەوتی ١٥ی خەزەڵوەری ١٣٩٥ی هەتاوی، تێکۆشەرانی دێموکرات لە شاری مەریوان پشتگیرییان لە ڕاسان کرد و بە چالاکیی تەبلیغیی دووپاتیان کردەوە کە؛ تا وەدیهاتنی ئامانجی شەهیدان درێژە بە خەبات دەدەن.

قارەمانانی دێموکرات لەو پێوەندییەدا لە گوندی "سیاناو"ی مەریوان بە چالاکیی تەبلیغیی وەفاداریی خۆیان بە ڕێبازی دێموکرات دووپات کردەوە.ئەندامان و لایەنگرانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران ئاڵایەکی گەورەی کوردستان و وتە بەنرخەکانی دوکتور قاسملوویان نووسیوەتەوە.

## جاشێک لە شنۆ بە سزای خۆی گەیشت

یەکێک لە جاشە بەناوبانگەکانی شاری شنۆ بە سزای خەیانەتەکانی بە گەل و نیشتمانەکەی گەیشت.

ڕۆژی دووشەممە ڕێکەوتی ٢٣ی خەزەڵوەری ١٣٩٥ی هەتاوی، کاتژمێر ١:٣٠ خولەکی پاشنیوەڕۆ، چەند چەکدارێکی نەناسراو تەقەیان لە جاشێک بە ناوی "غەفوور سەلاحی" یەکێک لە جاشە ناوزڕاوەکانی ڕێژیم کردووە، و ناوبراو بە توندی بریندار بووە.

ئەو چەند کەسە نەناسراوە دەستڕێژێکی قورس دەکەنە سەر ناوبراو و لە ئەنجامدا ٦ گوللەی بەردەکەوێت و هێزەکانی ئیدارەی ئیتلاعاتی سپای هەنگی مەرزی، شوێنەکە میلیتاریزە دەکەن و ٨ کەسی ئیتلاعاتی لەو شوێنە دەکەنە نیگابان.

هەروەها لە ئەنجامی ئەو تەقەیەدا هاووڵاتییەکی مەدەنی لە بنەماڵەی "میهن خواه" بریندار دەبێت.

ئەو جاشە بە هۆی سەختیی برینەکەی بۆ بیمارستانی "عارفیان"ی ورمێ گوازراوەتەوە.

## هەیئەتێکی حیزبی دێموکرات لە ڕێوڕەسمی پێشوازیی لە تەرمی شەهید سلێمان چروکایە بەشداری کرد

هەیئەتێکی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە سەرپەرەستی محەممەدساڵح قادری ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکرات، لە ڕێوڕەسمی پێشوازیی لە تەرمی شەهید سلێمان چروکایە بەشداریی کرد.

ڕۆژی یەکشەممە ڕێکەوتی ١٦ی خەزەڵوەری ١٣٩٥ی هەتاوی، تەرمی شەهید د.سلێمان چروکایە لە وڵاتی ئاڵمانەوە گەیەندرایەوە فروکەخانەی هەولێر لە کوردستان.

لە دوای ڕێوڕەسمی ڕێزە کە بە بەشداریی زۆرێک لە ئەفسەرە پلە بەرزە نیزامییەکان، هێزی پێشمەرگە، نوێنەری سەرۆکی هەرێمی کوردستان، نوێنەری سەرۆک کۆماری فەڕانسە، نوێنەری هێزە هاوپەیمانەکان، جێگری پارلمانی کوردستان و بەشێك لە پارلمانتاران، ئەنجومەنی ئاسایشی هەرێم، پارتی دێموکراتی کوردستان و هێز و لایەنە سیاسیەکانی چوارپارچەی کوردستان و بنەماڵەی د.سلێمان بەڕێوەچوو، تاجەگوڵی وەفا و ئەمەگناسیان لە سەر تەرمی شەهید سلێمان دانا و وتاری سەرۆك کۆماری فەڕانسە و هێزی هاوپەیمانان بەو بۆنەیەوە خوێندرانەوە و شەهید سلێمانیان وەك هێمای مرۆڤێکی خۆبەخش لە پێناو ژیانی مرۆڤایەتیدا پێناسە کرد و هەست و سۆزی وەفاداری و پشتیوانیی خۆیان بۆ هێزی پێشمەرگە و گەلی کوردستان دەربری.

دواتر تەرمی شەهید سلێمان لە ناو ئاپۆرای بەشداربوان و خەڵکێکی زۆر کە لە باکووری کوردستان و ئورووپاوە هاتبوون، بۆ زێدی خۆی لە باکووری کوردستان گوازرایەوە، تاکوو لەوێ لە تەنیشت دوو برای شەهیدی دیکەی، بە خاکی نیشتمان بسپردرێت.

لەو ڕێوڕەسمەدا، هەیئەتێکی حیزبی دێموکرات بە سەرپەرەستی محەممەدسالح قادری بەرپرسی پێوەندییەکانی حیزبی دێموکرات لە هەولێر، بەشداریی ئەم ڕێوڕەسمەیان کردبوو و هاوخەمیی ڕێبەرایەتی حیزبی دێموکراتیان بە بنەماڵەی شەهید سلێمان و هاوڕێیانی گەیاند.

## هەیئەتێکی حیزبی دێموکرات بەشداریی لە کۆڕێکی نووسەرانی کوردستانی ڕۆژئاوادا کرد



هەیئەتێکی حیزبی دێموکرات بەشداریی لە کۆڕێکی نووسەران و ئەدیبانی ڕۆژئاوای کوردستاندا کرد و لەگەڵ چەندین کەسایەتیی پایەبەرزی ئەدەبی و سیاسیدا چاوپێکەوتنیان ئەنجام دا.

ئێوارەی ڕۆژێ پێنجشەممە ڕێکەوتی ٢٧ی خەزەڵوەری ١٣٩٥ی هەتاوی، هەیئەتێکی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە شاری هەولێر بەشداریی لە کۆڕێکی ئەدەبیی یەکیەتیی نووسەرانی کوردستانی ڕۆژئاوا کرد.

لەو کۆڕەدا محەممەدساڵح قادری، ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێمۆکرات و بەرپرسی دەفتەری نوێنەرایەتی حیزبی دێموکرات لە هەولێر بە هاوڕێیەتی لەگەڵ شەریف فەلاح، شاعیر و نووسەر بەشدارییان لە کۆڕێکی ئەدەبی لەژێر ناوی "هزری نەتەوەیی لە هەڵبەستی کلاسیکی کوردیدا" کرد، کە لەلایەن یەکیەتیی نووسەرانی کوردستانی ڕۆژئاواوە ساز کرابوو.

لەو کۆڕەدا کە لە هۆتێل کاپیتاڵ ساز کرابوو، کۆمەڵێکی بەرچاو لە نووسەران و کەسایەتییە سیاسییەکانی کوردستانی ڕۆژئاوا و باشووریش تێیدا بەشدار بوون.

کۆڕەکە تایبەت بوو بۆ تاوتوێ و شرۆڤەی هزری نەتەوەیی لە شێعری چوار شاعیری کلاسیکی کورد کە بریتی بوون لە "عەمەرێ لەعلیێ، تیرێژ، جگەرخوێن و مەلای جزیری".

لەو بارەیەوە چوار نووسەر و لێکۆڵەری کورد بەناوەکانی (دکتۆر شەوکەت سندی، محەممەد حەمۆ، خالید جەمیل محەممەد و بەسام مستەفا) هەرکامەیان بەجیا لە ڕوانگەی جیاوازەوە تیشکیان خستە سەر بیرۆکە و هزری نەتەوەیی و نیشتمانی لە شێعری ئەو چوار شاعیرە و کۆمەڵێک سەرنج و بۆچوونی بەپێزیان لەسەر دنیابینی ئەو شاعیرە نەتەوەییانە خستەڕوو.لە نێوئاخنی کۆڕەکەدا هونەرمەندی لاو "ڕیاد عوسمان" بە دەنگ و تاکژەنیی خۆی بەرهەمێکی پێشکەش کرد کە چەند شێعرێکی ئەو چوار شاعیرە کوردەی کردبووە گۆرانی.

لەو کۆڕەدا هەیئەتی حیزبی دێمۆکرات لەگەڵ کۆمەڵێک نووسەر، ئەدیب و سیاسەتڤان و کەسایەتیی کوردستانی ڕۆژئاوا دیدار و چاوپێکەوتنیان پێکهێنا و ئاڵوگۆڕی بیروڕایان کرد.

## ئەگەری گرتنی چالاکانی سیاسی لە ئێران زیاتر دەبێت

لە بەرەبەری بەڕێوەچوونی هەڵبژاردنەکانی سەرکۆماری لە ئێراندا، ڕێکخراوی ئیتلاعاتی سپای پاسداران گەڵاڵەیەکی بۆ دەستبەسەرکردنی چالاکانی سیاسی و پێشگرتن لە ئەگەری دژایەتی و ئێعتراز ئامادە کردووە.

ماڵپەڕی "ئامەدنیوز" بڵاوی کردۆتەوە، دەزگای ئیتلاعاتی سپای پاسداران بە هاوکاریی "شۆرای ئەمنیەتی ئێران"، بەنیازی جێبەجێ کردنی گەڵاڵەیەکی نهێنین کە بەهۆیەوە، پێش لە دەسپێکی خولی نوێ بەناوهەڵبژاردنەکانی سەرکۆماری لە ساڵی ٩٦دا، ئەو کەسانە دەستبەسەر بکەن کە گومانی نارەزایەتی دەربڕین بەرانبەر سێناریۆ داڕێژراوەکەیان لێدەکرێ.

بەپێی ئەم ڕاپۆرتە، هەنووکە شۆرای ئەمنیەتی ئێران و ئیتلاعاتی سپا سەرقاڵی ئامادە کردنی لیستەی ئەو کەسانەن و بەشێوەیەکی بەربڵاو سەرقاڵی گوێ هەڵخستنی نایاساییین لەسەر تەلەفۆنەکان.

بەپێی دوایین هەواڵە پێو ە ند ید ا ر ە کا ن ، با ڵی بناژۆخوازی ڕێژیم بەتەمان بۆ هەڵبژاردنەکانی ساڵی ٩٦، ئەم پرۆژانە بخەنە بواری جێبەجێ کردنەوە: گۆڕینی سیستمی سەرۆکایەتی بۆ پارلمانی، هەڵبژاردنی سەرکۆمار لەلایەن ئەندامانی مەجلیس و هێنانەوەکایەی سەرۆک وەزیری، لە بەرامبەریشدا قۆڵی بەناو ئیسلاحخواز دەیانهەوێ بە سازکردنی فراکسیۆنی جۆراوجۆری پێکهاتوو لە نەتەوەکانی ئێران لە دژی باڵی بناژۆخواز کەڵک لە ئێحساساتی نەتەوە و ئایینزاکانی ئێران وەرگرن.

# سەربەخۆیی هەرێمی کوردستان و حیزبەکانی کوردستانی ڕۆژهەڵات

جەماڵ ڕەسووڵ دنخە




مێژووی خەباتی گەلی کورد بۆ ئازادی و سەربەستی وەکوو هەموو گەلانی دنیا کە خەبات و خوێنان داوە بۆ گەیشتن بە مافەکانیان، پڕە لە سەرکەوتن و شکست؛ ئەوسا ئایا ئەو شکستە لە ڕووی هەڵەی سیاسی یا نیزامی بێت، لە مێژوودا تومار کراوە و ئاسەوارەکانی لە پرۆسەی سیاسیدا بۆ ڕزگاریی نەتەوەیی وەکوو کۆسپێک دەمێنێتەوە و قەرەبووی هەندێک لەو شکستانە تا ئێستاش گەورەترین کۆسپی بۆ ڕەوتی سیاسەتی وڵاتانی جیهان و خودی نەتەوەی کورد دروست کردووە و لەو پێوەندییەشدا زیاتر لە هەموو لایەنێک خودی نەتەوەی کورد چ لە ڕووی ماددی و ماڵی باجەکەی داوە و ئێستاش دەیدات.

جیا لەوەیکە نەتەوەی کورد هەمیشە بۆ ئازادی و مافی خۆی شەڕی کردووە و دژی داگیرکەران وەستاوەتەوە، بەڵام زور جاریش هەلی زێڕینی بۆ ئازادی و دامەزراندنی دەوڵەتێکی کوردی لە مێژوودا لەدەست داوە. کاتێک کە بریتانیا لە بڕیارێکدا ویستی شێخ مەحموودی حەفید بکات بە ڕێبەری دەوڵەتی کوردستان، شێخ مەحمود زۆر بە ئاسانی بە هۆی هەڵەیەک جا چ پێوەندی بە دۆخی فیکری و سیاسەتی ئەو کاتەوە هەبێ، یا هەر هۆیەکی دیکە، ڕەوڕەوی مێژووی خەباتی کوردی بۆ گەیشتن بە ڕزگاری و سەربەخۆیی درێژ کردەوە. شەهید دوکتور سادق شەرەفکەندی سکرتێری گشتیی پێشووی حیزبی دێموکرات لە کتێبی مێژووی کورد لە سەدەی شازدەهەمدا باس لەوە دەکەت کە؛ دوای شەڕی جیهانیی یەکەم، دوای ئەوەیکە وڵاتانی جیهان بەو ئاکامە گەیشتن کە نەتەوەکانی جیهان بکەن بە دەوڵەت، نەتەوەی کورد بە هۆی کێشەی سیاسیی نێوخۆیی ئەو دەرفەتە زێڕینەی لەدەست دا و تا ئێستاش کە سەدەی ٢١ـە گەلی کورد بە هەموو حیزب و لایەنە سیاسییە جۆراوجۆرەکانییەوە هەوڵ دەدات نیشتمانێکی سەربەخۆ پێک بێنێت کە حەشیمەتەکی ٤٠ میلیۆن کەسییە.

باسکردن لە مێژوو بۆ تاوتوێکردن و خەسارناسی کردنی، کارێکی زۆر سەخت و دژاورە چوونکە مێژوو کەمترین بەڵگەی بەردەست لە خۆی جێ دێڵێت یا ئەگەر لەبەردەستیشدا بێت لە لایەن داگیرکەر یا کەسانێک نووسراوە کە بە دڵخوازی خۆیان باسیان لە ڕووداوەکانی کردووە، بۆیە هەڵگرتنی مقەستێک و بڕین و دورینی بە دڵخوازی خۆ، گەورەترین تاوانە دژ بە هەموو ڕێبەرانی جووڵانەوەی کورد، بەڵام ئەوەیکە نەتەوەی کورد هەمیشە قوربانی بووە بۆ یەک هۆکاری سەرەکی دەگەڕێتەوە ئەویش بەردەوام کورد لە هاوکێشە سیاسی و ناوچەییەکاندا "فاکت = عامل" نەبووە، بەڵکوو "دیفاکتۆ = غیرعامل" بووە.لە دوای هێرشی داعش بۆ سەر خاکی هەرێمی کوردستان و هەموو ئەو نمایشنامە سیاسییەی کە وڵاتانی ڕۆژئاوایی بۆ دەستێوەردانی خۆیان لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست نووسیبویان و دایاندەبەزاند، هەرێمی کوردستانیش بە هۆی کێشەی سیاسی و ئابووری و بە تەنیا مانەوەی هەرێمی کوردستان لە شەڕ دژی تیرۆر، بەرپرسانی سیاسیی هەرێمی کوردستان مەسەلەی سەربەخۆییان لەگەڵ حکوومەتی ناوەندیی عێراق هێنایە پێش کە لەو کات و زەمەنەدا وڵاتانی ناوچەکەی هەژاند.

ئەگەرچی سەربەخۆیی مافی هەر گەلێکە بەو مەرجە دیاریکراوانەی کە بۆ وڵاتێک لە نەزەر گیراوە، بەڵام هەنووکە هەرێمی کوردستان وەکوو دەوڵەتێکی "ضمنی" لە جیهاندا دانی پێدا نەنراوە و ئەوەش لە کاتێکدایە کە بەرپرسانی حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە هەموو شوێنێک و ڕۆژەڤی سیاسەتدا باس لە ڕێفراندۆم بۆ سەربەخۆیی کوردستان دەکەن.

لێرەدا پرسیار ئەوەیە هەرێمی کوردستان ئەگەرچی دەبێتە دەوڵەتێکی فەرمی لە کۆمەڵگای نێونەتەوەییدا، بەڵام چارەنووسی حیزبەکانی کوردستانی ڕۆژهەڵات لەو نێوانەدا چی لێ دێت؟ بۆ هەموو کەس ڕوونە کە دوای بە دەوڵەتبوونی هەرێمی کوردستان نابێ هیچ حیزبی سیاسی چەکدار، گرووپی چەکدار و... هتد، لە نێو ئەو دەوڵەتدا بوونی هەبێت، چوونکە مەترسییە بۆ سەر ئەمنیەتی ئەو دەوڵەتە و لە بواری یاسای نێودەڵەتیشەوە قبووڵ ناکرێت.

لەو ساتەوەختەدا هەڵوێست و ئیقدامی حیزبەکانی کوردستانی ڕۆژهەڵات چی دەبێت؟ ئایا دەکرێت پێشینەی خەباتی سیاسی و نیزامی خۆیان بۆ هەمیشە فیدای ئەو بەشە لەو دەسکەوتە نەتەوەییە بکەن؟ ڕێگای خەباتی دیکە دژی ڕێژیمێکی سەرکوتکەری وەکوو ئێران هەڵدەبژێرن؟ یان دیسان خۆیان و نەوەیەکی دیکەش دەکەنە قوربانیی بەشێکی دیکە لە کوردستان؟ و کۆمەڵێک پرسیاری دیکە لەو پێوەندییەدا.

لەو پێوەندییەدا یەکێک لە حیزبەکانی کوردستانی ڕۆژهەڵات، "حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران" کە بە شاهێدیی مێژوو لە بەر دەسکەوتی نەتەوەیی بەشێکی دیکەی کوردستان خۆی قوربانیی کردووە، ئایا دیسان دەیهەوێ خۆی قوربانیی سەربەخۆیی پارچەیەکی دیکەی کوردستان بکاتەوە؟؟ بیروڕای گشتی لەو سەردەمەی ئێستادا ئەو هەوڵوێستە لە حیزبی دێموکرات قبووڵ دەکات؟ خودی بەدەنەی حیزبی دێموکرات دەیهەوێ ببێتە قوربانی و دیسان ئاوات و ئارەزووەکانی خۆی بن چاڵ بکات و لە دوورە وڵاتی‌دا کاری سیاسی بکات؟

بۆ هەموو کەس ڕوونە کە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران ماوەی ٢٠ ساڵە لەبەر هەرێمی کوردستان خەباتی چەکداریی خۆی لە کوردستانی ڕۆژهەڵات ڕاگرتووە؟؟ ئەوەش بۆ هەموو کەس دیارە کە هیچ قازانجێکی بۆ حیزبی دێموکرات و کوردستانی ڕۆژهەڵات نەبووە؛ جیا لە دوورکەوتنەوەی لە مەیدانی خەبات و بە هۆی گرتنەپێشی ئەو سیاسەتە، ڕۆژبەڕۆژ دوور کەوتنەوەی ئەندامانی ئەو حیزبە. حیزبێکی شۆڕشگێڕ کە لە کاتی شۆڕشدایە مەنتقی نیە و جێگای هیچ باسێک ناهێڵێتەوە کە خەبات و تێکۆشانی خۆی لەبەر هەر هۆکارێک بوەستێنی.

لەو پێوەندییەدا بۆ سەربەخۆیی هەرێمی کوردستان، حیزبی دێموکرات وەک یەکەم حیزبی شۆڕشگێڕ لە کوردستانی ڕۆژهەڵات کە زیاترین پشتیوانیی خەڵکی لەپشتە و وەکوو یەکەم حیزبی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست، بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ دیسانەوە ڕووی لێ هەڵێنراوە کە واز لە خەباتی "ڕاسان"ی کوردستانی ڕۆژهەڵات کە تازە دەستی پێکردووە بێنێت و دیسان خۆی بکاتە قوربانیی سیاسەتی بەشێکی دیکەی کوردستان.

هەمووی ئەو پرسیار و ئەمما و ئەگەر و شیمانەگەلە لە کاتێکدایە کە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران خەباتی نوێی خۆی دەست پێکردووە و مستەفا هیجری سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە نووسین و کۆڕ و کۆبوونەوەکانی خۆیدا باسی لەوە کردووە کە ئێمە ماوەی ٢٠ سال دەرفەتمان بە ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران دا کە مافی کورد بدات، بەڵام ئەو ڕێژیمە زیاتر خەڵکی کوردستانی سەرکوت کرد و هەروەها هەرێمی کوردستان هیچ دەسکەوتێکی بۆ ئێمە نەبووە و بۆیە ئێمە دەستمان بە خەباتی نوێ لەژێر ناوی "ڕاسانی کوردستانی ڕۆژهەڵات" کردووە.

ئەو وتانەی سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکرات بە ڕوونی سەلمێنەری ئەوەیە کە ماوەی ئەو ٢٠ ساڵە دەسکەوتی حیزبی دێموکرات تەنیا زیان بووە، زیانی وەک کەم بوونەوەی سەرمایەی مرۆیی، نەبوونی کاریگەری لە سەر هاوکێشەکانی ناوچەکە، ئەمنییەتی کردنی کوردستانی ڕۆژهەڵات، ملهۆڕتربوونی ڕێژیمی ئێران و گەلێک زیانی دیکە. لەو نێوانەدا سەرمایەی مرۆیی حیزبی دێموکرات گرینگترین خاڵە کە بە ئاسانی لە کیس حیزبی دێموکرات چووە، سەرمایەیەک کە بە بێ کەمترین خەرج و هەزینە هاتووەتە نێو حیزبی دێموکرات و بە هۆی نەبوونی پلانێکی کاری و نەبوونی چالاکی و لەبەرچاوگرتنی هەرێمی کوردستان، مەیدانی شۆڕشیان جێهێشت و پەڕیوەی وڵاتانی دیکە بوون.

هەر لەو بارەیەوە ڕۆستەم جەهانگیری ئەندامی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە بەرنامەی تایبەت لە تەلەفزیۆنی تیشک تی وی، لە وڵامی ئەو پرسیارەدا کە ئایا ئەگەر ڕێژیمی ئێران سەربەخۆیی هەرێمی کوردستان بە فەرمی بناسێت، حیزبی دێموکرات داوای حکوومەتی هەرێم بۆ کشانەوەی هێزەکانی پێشمەرگە لە سنوورەکانی کوردستانی ڕۆژهەڵات قبووڵ دەکات؟ لە وەڵامدا دەڵێت: "هەر وەک چۆن پێشتر لە بەر هەرێمی کوردستان خەباتی خۆمان ڕاگرت، ئەگەر ڕێژیمی ئێران سەربەخۆیی هەرێمی کوردستان قبووڵ بکات ئێمە دیسان حیزبی دێموکرات دەکەینە قوربانی و پاشەکشە بە هێزەکانی خۆمان دەکەین".

ئەو لێدوانانە جێگای پرسیار و لێکۆڵینەوەی زۆرن، بەڵام پێش هەموو شتێک دەبێ ئەو پرسیارە لە خۆمان بکەین کە بۆ دەبێت حیزبێکی شۆڕشگێڕ خۆی قوربانیی بەرژەوەندییەکانی سیاسەتی بەشێکی دیکە لە کوردستان بکات.

بەڵام ئەو قسە لایەنی دیکەی هەیە، ئەویش ئەوەیە کە بە کردەوە دەریدەخا کە کۆماری ئیسلامی دژی بەرژەوەندیی کورد لە هەموو بەشەکانە. چوونکە کۆماری ئیسلامی قەت بە سەربەخۆیی کوردستان ڕازی نابێ.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران کە ماوەی ٧١ ساڵە خەبات دەکات و شەهید بۆ ڕێبازی خۆی دەدات، کاتێک لە ساڵی ١٣٨٤ی هەتاوییەوە، پێشمەرگەکانی خۆی لەژێر ناوی "هێزی تایبەت" لە چیاکانی کێلەشین سازمان دا، بە زووترین کات هەڵوێستی سیاسی و دژکردەوەی توندی هەندێک لایەنی سیاسیی لێکەوتەوە و ڕێژیمی ئیسلامیی ئێرانیش وەک هەمیشە و توندتر لە جاران، هەڕەشەی لە حدکا کرد.هەنووکە کە حیزبی دێموکرات لە سەر خەباتی خۆی بە شێوەیەکی قورس و قایم پێداگرە، لایەنەکانی دژبەر و موافق بە ڕوونی بوونەتە دوو بەش کە دەبێ هێزی پێشمەرگە لە کوردستانی ڕۆژهەڵات حوزووریان نەبێ؟ بۆ ئەم جۆرە لێدوانانە دەدەن؟ چون لە نەفسی خۆیاندا حەزیان لێ نیە کە حیزبی دێموکرات گوتار و باڵانسی سیاسی لە ناوچەکە تێک بدات ئەوەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە بۆ هەموو لایەنێک ڕوونە کە حیزبی دێموکرات لە نێو خەڵکی کوردستان تا چ ڕادەیەک جێگە و پێگەی هەیە.

کۆتایی:بۆ هەموو کەس ڕوون و ئاشکرایە کە خەڵکی کوردستانی ڕۆژهەڵات ڕۆژ بە ڕۆژ وشیارتر دەبێتەوە و لە هەمان حالیشدا حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران کە ئەو خەباتەی دەست پێکردووە، ئیتر پاشەکشەی لێ ناکات و بگرە بە شێوەیەکی سازماندراوتر و قایمتر درێژە بە خەباتی خۆی دەدات و ئەوەش لە ١٤ـەمین پلێنۆمی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران پێداگری لە سەر کراوەتەوە. خەڵکی کوردستانی ڕۆژهەڵات چیتر چاوەڕوان نابن کە ڕزگاریدەرێک بۆیان پەیدا بێت. حیزبی دێموکرات وەک هەمیشە سەربەخۆ و پشتبەستوو بە پشتیوانیی خەڵکی خۆی درێژە بە خەبات دەدات.

> **حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران کە ماوەی ٧١ ساڵە خەبات دەکات و شەهید بۆ ڕێبازی خۆی دەدات، کاتێک لە ساڵی ١٣٨٤ی هەتاوییەوە، پێشمەرگەکانی خۆی لەژێر ناوی "هێزی تایبەت" لە چیاکانی کێلەشین سازمان دا، بە زووترین کات هەڵوێستی سیاسی و دژکردەوەی توندی هەندێک لایەنی سیاسیی لێکەوتەوە و ڕێژیمی ئیسلامیی ئێرانیش وەک هەمیشە و توندتر لە جاران، هەڕەشەی لە حدکا کرد.**

# ئایا ترامپ دەتوانێ پاشەکشە لە ڕێککەوتننامەکەی ئێران بکات؟

ن: مایکل ڕۆبین

و لە ئینگلیزیەوە: ڕەزا فەتحوڵڵانژاد



سەرکۆماری هەڵبژێردراو، دۆناڵد ترامپ بەردەوام بانگەوازی بۆ "بەرنامەی گشتگیری کردەوەی هاوبەش" (JCPOA) کردووە و ڕێککەوتنی ناوکیی ئێرانی بە "خراپترین ڕێککەوتنی وتوویژلەسەرکراو" و "کارەسات" ناو بردووە.

ترامپ ڕاست دەکات. ڕێککەوتننامەکەی جان کێریی وەزیری دەرەوە زۆر دوور لە دابینکردنی چاوەدێرییەکی بەهێزی ئەو ڕێژیمە، ئەزموونێکی نوێ لە ستاندارەکانی پشکنینێکی سست و لاواز دەخاتە ڕوو. ستانداردەکان نەك هەر لە خودی ئەو بەربەستانەی کە سەرۆك ئۆباما داینابوون، کەمتر بوون، بەڵکوو بە بەراورد لەگەڵ ئەزموونگەلی نێونەتەوەیی لە پەیوەندی لەگەڵ خڕکردنەوەی بەرنامەی ناوکیی ئافریقای باشوور و لیبیاشدا کەمتر و لاوازتر بوون. وتوویژکەرە ئێرانییەکان لە جیاتی پەسندکردنی پرۆتۆکۆلی هاوپێچی ئاژانسی نێونەتەوەیی وزەی ناوکی، تەنیا بەڵێنیان دا ڕەچاوێکی بکەن. دوایین جار دەرکەوت کە دەوڵەتی ئێران هەر لەگەڵ گەیشتنی بە ویستی خۆی، دەستبەجێ پاشەکشەی لە بەڵێنەکانی کرد و فەخریشی پێوە دەفرۆشت.

پشکنینەکان پڕکێشەن و میکانیزمی سەرلەنوێ وەگەڕخرانی گەمارۆکان بە کردەوە بوونی نیە. ڕێککەوتننامەکە تەنانەت باسی کێشەی چالاکیی ناوکیی دەرەوەی سنووری ناکات، بۆ نموونە چالاکییەکانی زانا ئێرانییەکان لە کۆریای باکوور. کێری ئیزنی بە ئێران دا دامەزراوە ناوکییە ژێرزەوینییەکانی بپارێزێ و سانتریفیوژی زیاتر لەو ژمارەی هەبێ کە پاکستان بە هۆیەوە چەکی ناوکی چێ کرد. ئەگەر ترامپ پێویست بێت دەوری دووهەمیش لەسەر کار بێت، ئەوا دەورەی کۆتاییهاتنی ئەو ڕێکەوتننامەی کێری واژۆی کردووە، ئێران لە لێواری کۆنترۆڵێکی کەم دادەنێت کە ئەویش لەگەڵ کۆتایی دەورەی سەرکۆماری ترامپدا نامێنێ.

کەواتە ئایا ترامپ دەتوانێ لە ڕێککەوتنەکە پاشەکشە بکات؟ وەڵامە یاساییەکەی "بەڵێ"یە. سەرۆك ئۆباما ڕێککەوتنەکەی لە ڕەوتی مانۆڕێکی پێچەڵاوپێچدا پەسند کرد تا ئەوەی بۆ پەسندکردنی بیخاتە بەردەم سێناوە. زۆربەی بەشەکانی ڕێککەوتنەکە لە پەسندکراوی ژمارە ٢٢٣١ی شۆرای ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکاندا گونجێندراوە و هەر بۆیە ڕەتکردنەوەی ئەم ڕێککەوتننامەش هەر وەك هەموو پەسندکراوەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان دژوارە. دیارە لێرەشدا بۆشاییەکی بەرچاو بۆ ئاڵوگۆڕ بەدی دەکرێ و بە زۆری لەو خاڵانەیدا کە ئێران هەر ئێستا پێشێلی کردوون (بۆ نموونە لە پەیوەندی لەگەڵ چالاکییە پەیوەندیدارەکان بە مووشەکی بالستیکەوە).

بەڵام داخوا عاقڵانەیە کە لەم ڕێککەوتننامە پاشەکشە بکرێ؟ وەڵامەکە "نا"یە. کێری ئەم مامەڵەی ڕێك خست تا لە بەرانبەریدا خەڵاتەکەی ئێران بدات. دیپلۆماتێکی زیرەك ڕەنگە پێداگری کردووە لەسەر لابردنی گەمارۆکان و گەڕاندنەوەی دەیان حەسێبی ماڵی بە درێژایی ماوەی ڕێککەوتنەکە، بەڵام کێری لە گەیشتن بە ڕێککەوتنێکدا کە خەڵاتەکانی ئێرانی تێدا دابەش بکرێ، بێ‌هیوا بوو. لە ڕووی شوبهاندنی دیپلۆماتیکەوە وەك ئەوە وایە کە سەرەتا دێسێرێك بدەیتە منداڵێکی گاوڵکێکەر و دواتر داوای لێ بکەی ئیسفناج بخوات. گەر ترامپ پاشەکشە لە مامەڵەکە بکات، زەرەرەیەك خەسار وە ئێران ناکەوێ، ئەوان هەر ئێستاش خەڵات کراون کە بە دڵنیاییەوە لە دەرەجەی یەکەمدا بۆ سەرمایەگوزاریی تەواو لە بەرنامەی ناوکییاندایە.

کەواتە ڕەنگە ترامپ چ ڕێگەیەکی دیکەی هەبێ؟ پیادەکردنی (JCPOA) لەکار خراوە، ئەویش لە لایەن خودی کێرییەوە و بە هۆی ئەو ترسەی ناوبراو لەوە کە ڕەنگە گەر لای کۆماری ئیسلامی نەگرێ، شتەکە سەر نەگرێ. لە هەمان کاتدا، لاوازی زەحمەتە سەرکەوتنی لێ بکەوێتەوە. ڕێژیمی ئێران لە سادەبینی و سروشتی کێری تێگەیشتووە و هەوڵی داوە بە ڕێگەیەکدا بیبات کە ڕێوشوێنە هەنووکەییە لاوازەکانی JCPOA یش شلتر بکات. چەندین بوار — لەوانە، چالاکییە پەیوەندیدارەکان بە مووشەکی بالستیك، هەڵکردن لەگەڵ ئێران کە چوارچێوە بەرتەسککەرەوەکانی ئاوی قورسی بەزاندوون، خوێندنەوەی جۆراوجۆر لە ڕەچاوکردنی ڕێوشوێنە بانکییەکان و ڕەدکردنەوەی ڕێگەدان بە پشکنینی پایگا سەربازییەکان لە لایەن ئێرانەوە — نیشان دەدەن کێری خۆی داوە بە دەستەوە و بە زۆری وەك نوێنەری بازرگانی و پارێزەری ئێران هەڵسوکەوتی کردووە.

ئەوەندەی کە ڕێککەوتنەکە کاری پێدەکرێ، ترامپ دەبێ بە ئاسانی بەڕێوەی ببات، بە جۆرێك کە دابینکردنی بەرژەوەندیی ئامریکا بخاتە ئەولەوییەتەوە تا ئەوەی مل بە بەرژەوەندیی ئێرانییەکان بدات. ئێران چاوەدێریی سەربازی قبووڵ ناکات؟ زۆر چاکە. کەواتە ڕێگە بدەن ئێران پاشەکشە لە ڕێکەوتنەکە بکات گەر نارەزایەتییەکی هەیە. ئایا ئێران لەوە تووڕەیە کە ئابوورییەکەی بە ڕادەی چاوەڕوانکراوی گەشە ناکات؟ زۆر چاکە، بە دڵنیاییەوە ئەوان دەبێ گەندەڵییەکانیان و نەبوونی یاسای بازرگانی چارەسەر بکەن تا ئەوەی چاوەڕوانی یارمەتیی ماڵیی ڕۆژئاوا بن. ئایا ئێران ڕێوشوێنە بەرتەسککەرەوەکانی بەردەم پەرەپێدانی مووشەکی بالستیك و بەرهەمهێنانی ئاوی قورس پێشێل دەکات؟ کەواتە ئەمە پێشێلکارییە و دەبێ چاوەڕوانی ئاکامەکانی بێت. نەرمی‌نواندن ڕێگەپێدراو نیە. ئایا ئێران سکاڵا دەکات کە ئەو گەمارۆیانەی لە لایەن ئەیالەتەکانی ئەمریکاوە لە هەمبەر سەرمایەگوزاری سندووقی خانەنشینی دانراون، زەبر لە ئابوورییەکەی دەوەشێنێ؟ ئەوە نە تەنیا هاودەنگی لەگەڵ جۆری ڕاڤەی تاران، خیانەتە بە دێموکراسی ئامریکا، بەڵکوو ڕاڤەکەی تاران ئامانجدارە.

**بەشی دوو:**

ترامپ ڕاست دەکات، JCPOA لە گۆڕێدایە و بە کەمی کاری پێکراوە بۆ پێشگرتن بە خولیا ناوکییەکانی ئێران. بەڵام ئەوە بەو مانا نیە کە ئەوە ترامپە کە دەبێ پاشەکشە لە ڕێککەوتننامەکە بکات، بەڵکوو ئەو دەتوانێ ڕاڤەی نەرمیهەڵنەگری لێی هەبێ، بە جۆرێك ئێران ناچار بکات پاشەکشەی لێ بکات. ترامپ دەتوانێ گەمارۆ بخاتە سەر ئێران و ئەگەر پێویست بوو، ڕێگەی دیکەی هەڕەشە و ناچارکردن بۆ سزادانی ئێران بە هۆی پێشێلکارییەوە بگرێتە بەر.

هەروەها ئەگەر بەڕاستی ئاواتیەتی ئامریکا لە پێش بێت، ئەوا هۆشداری دەداتە هەر کۆمپانیایەکی ئورووپایی یان ئاسیایی کە لەبەر قازانجی کورتماوەی خۆیان، بە بازرگانی کردن لەگەڵ کۆمپانیاکانی سەر بە سپای پاسداران، سەرچاوەی ماڵی دەڕژێننە نێو بنیاتەکانی تیرۆریزمی ئێرانەوە. هاوکات، ترامپ دەتوانێ هەوڵی کورتکردنەوەی دەستی ئێران لە ئاراستەکردنی تیرۆریزم بدات، ئەویش بە هۆی داخستنی حەسێبەکان، بەرتەسککردنەوەی دەستڕاگەیشتنی بە دۆلار، هێنانەئارای خوێندنەوەی جیاواز لە خوێندنەوەی وەزارەتی خەزێنەداری ئۆباما و داواکردن لە هێزی دەریایی ئامریکا تا نەك هەر "تووشی گوشاری کەنداوی فارس" نەبن کە وەزیری پێشووی کاروباری دەرەوە، چوك هاگێل ئەمەی دەویست، بەڵکوو پێگەی خۆیان بپارێزن.

سەرچاوە: foxnews

# سپای پاسداران لە زەلکاوی شەڕی سووریەدا چەقیوە



لە کاتی دەستپێکی شەڕی سووریە و بەشداریی ڕێژیمی ئێران لەو شەڕەدا تا ئێستا، ڕۆژانە هەواڵی کوژرانی ئەندامانی ڕێکخراوی تێرۆریستی سپای پاسدارانی ڕێژیمی ئێران لە هەواڵدەرییەکان بڵاو دەکرێتەوە.

هەواڵدەرییەکانی ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران، لە سەرەتای دەستپێکی شەڕی سووریەوە بەردەوام لە ڕاپۆرتەکانیاندا بڵاو دەکەنەوە کە ئەندامانی سەر بە ڕێکخراوی سپای پاسداران کە شانبەشانی هێزەکانی ئەسەد لە سووریە دژی ئۆپۆزیسیونی ئەو وڵاتە شەڕ دەکەن، دەکوژرێن.

هەروەها لە سەرەتای سەرهەڵدانی نارەزایەتییەکانی سووریەوە، پاسدار و بەسیجییەکانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی بە شێوەیەکی ئاشکرا و حاشاهەڵنەگر شان بە شانی هێزە سەربازییەکانی ڕێژیمی بەشار ئەسەد، دژ بە بەرهەڵستکارانی ڕێژیمی بەعسی سووریە، شەڕیان کردووە.

هەواڵدەرییەکانی سەر بە سپای پاسدارانی ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران بڵاویان کردەوە کە ٥ کەس لە ئەندامانی ئەو ڕێکخراوە تێرۆریستییە ڕۆژی پێنجشەممە ڕێکەوتی ٢٧ی خەزەڵوەری ١٣٩٥ی هەتاوی لە سووریە کوژراون. بەپێی ئامارەکانی ڕێژیمی ئێران، تا ئێستا ١١ کەس لە بەکرێگیراوانی پاسداری پارێزگای کرماشان لە سووریە کوژراون و ڕێژیمی ئێران ئەو کوژراوانە بە "مدافعان حرم" لە قەڵەم دەدات.

ڕۆژی پێنجشەممە ڕێکەوتی ٢٢ی ڕەزبەر، ماڵپەڕی "ئەفسەران"ی ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران، لە ڕاپۆرتێکدا بڵاوی کردەوە کە ئاخوندێك بە ناوی "سەعید بیازی‌زادە" لە ڕیفی حەما کوژراوە.

ڕۆژی شەممە ڕێکەوتی ٢٢ی خەزەڵوەری ١٣٩٥ی هەتاوی، ٩ کەس لە ئەندامانی سپای پاسداران لە سووریە کوژران کە هەندێك لەو کەسانە منداڵانی ژێر تەمەنی یاسایی بوون.

تەلەفزیۆنی "الجزیرە" باسی لەوە کرد کە؛ ڕۆژی یەکشەممە ڕێکەوتی ٢٣ی خەزەڵوەری ١٣٩٥ی هەتاوی، ٣ ئەندامی سپای پاسدارانی ڕێژیمی ئێران لە سووریە کوژراون و یەکێك لە کوژراوەکان ئەفسەری سپا بووە.

مۆحسێن خەزائی، هەواڵنێری کاناڵی دەنگ و ڕەنگی ڕێژیمی ئێران، ڕۆژی شەممە ڕێکەوتی ٢٢ی خەزەڵوەری ١٣٩٥ی هەتاوی لە شەڕ و پێکدادانەکانی شاری حەلەب لە باکووری سووریە لە شوێنێك بە ناوی "تامر سندووق" بە هۆی پریشکی خومپارەوە کوژرا.تەلەڤیزیۆنی ئۆپۆزیسیۆنی سووریە لە ڕاپۆرتێکدا بڵاوی کردووە کە ئۆپۆزیسیۆنی سووریە لە شوێنێك بە ناوی "زاحیە اسد" لە ڕۆژئاوای شاری حەلەب بە مووشەکی "تاو" میلیشیاکانی ڕێژیمی ئێرانیان پێکاوە و لە ئەنجامدا دەیان کەس کوژران".

ڕۆژی پێنجشەممە ڕێکەوتی ١٣ی خەزەڵوەر ٦ ئەندامی دیکەی ڕێکخراوی تێرۆریستیی ڕێژیمی ئێران کە شانبەشانی هێزەکانی ئەسەد لە سووریە دژی ئۆپۆزیسیۆن شەڕیان دەکرد لە شاری حەلەب بە سزای خۆیان گەیشتن.

ڕۆژی شەممە ڕێکەوتی ٨ی خەزەڵوەر، سەرتیپ "زاکر حەیدەری" خەڵکی پارێزگای تەورێز بە دەست هێزەکانی دژبەری بەشار ئەسەد بە سزا گەیشت.

چەند ڕۆژ پێش یەکێك لە فەرماندەکانی ئەو ڕێکخراوە تێرۆریستییە بە ناوی سەردار "غوڵامڕەزا سەمایی" بە دەست هێزەکانی دژبەری بەشار ئەسەد بە سزا گەیشت.

ڕۆژی چوارشەممە ڕێکەوتی ٢٨ی ڕەزبەری ١٣٩٥ی هەتاوی، ١٢ پاسداری ڕێژیمی ئێران، لە شەڕ و تێکهەڵچوونەکان لەگەڵ ئۆپۆزیسیۆنی سووریەدا کوژران.

تەلەفزیۆنی "الجزیرە" باسی لەوە کرد کە؛ لە ماوەی یەك مانگی ڕابردوودا ٣٢٠ کەس لە ئەندامانی سپای پاسداران لە سووریە کوژراون.بەپێی ئامارەکان تا ئێستا زیاتر لە ٧٠٠ کەس لە ئەندامانی سپای تێرۆریستیی پاسداران لە شەڕی سووریەدا کوژراون. کارناسان باس لەوە دەکەن کە ڕێژیمی ئێران سەرەڕای ئەوەیکە تێچوویەکی زۆری مادی و مەعنەویی لە سووریە خەرج کردووە و دەیکات، بەڵام بە دەستێوەردانی بەرینی تورکیە و ڕووسیە، ڕۆڵی ئێران لەو وڵاتەدا کەم بووەتەوە، ئەوەش خامنەیی و ڕێژیمەکەی دەکا بە دۆڕاوی سەرەکیی هاوکێشەکانی سووریە.

# ئاماره درکاوەکانی ئابووریی ئێران ناڕاستن

**شەماڵ تەرغیبی**

ڕۆژنامەی "کەیهان" لە ژمارە ٢١٤٨٣ی خۆیدا بە ڕێکەوتی ١٧ی خەزەڵوەر، ڕاپۆرتێکی تێروتەسەلی لەپێوەندی لەگەڵ ناڕاست بوونی ئامارە درکاوە ئابوورییەکان لەلایەن بەرپرسانی حکومەتی بە ناونیشانی "دۆخی ئابوریمان تەنیا بە قسە زۆر باشە"، بڵاو کردەوە.

لە سەرەتای ئەم ڕاپۆرتەدا هاتووە: لەم ماوەیەدا ناوەبەناوە قسەی جوان و ڕەنگاڵە لە زاری بەرپرسانەوە بڵاو بووەتەوە کە گۆیا بارودۆخی ئابووری و ژیانی خەڵک زۆر باشە و هیچ کەس هیچ کێشەیەکی نییە و تەنیا چەند پرسێکی بچووک هەبوو کە بە گۆڕینی ٣ وەزیر و نۆژەنکردنەوەی کابینە ئەو کێشانەش کۆتاییان پێهات.

بەپێی ئەم ڕاپۆرتە کەسێک کە لە ئێراندا نەژیابێت یان ئاگاداری دۆخی بازاڕ و ئابووریی ئێران نەبێت، بە خوێندنەوەی ئەو هەواڵانەی کە بڵاو دەبنەوە یان بە گوێگرتن لە قسەی بەرپرسانی حکومەتی وا تێدەگات کە ئابووریی ئێران یەکێکە لە ئەکتیڤترین ئابوورییەکانی جیهان، بەڵام لەگەڵ هاتنە نێو ژیانی خەڵک و دیتنی دۆخی بازار بۆی دەردەکەوێت کە فەزای ڕاستەقینەی ئابووریمان چەندە دوورە لەو فانتزیایەی کە لە ڕاگەیەنەکاندا باسی لێوە دەکرێت.

لە بەشێک لەم راپۆرتەدا هاتووە لە حاڵێکدا کە بانکی ناوەندی باس لە کەمبوونەوەی نرخی هەڵاوسان دەکات، گرانی ٣١٪ی پێداویستییە سەرەتاییەکانی ژیان یەخەی خەڵکی گرتووەتەوە و خەڵک بەردەوام چاوەڕێی گرانتر بوونی نرخی شتوومەکەکانن.

لەم ڕاپۆرتەدا هاتووە؛ ماوەیەک پێش ئێستا نەوبەخت و ڕووحانی بانگەشەی گەشەی ٦٪ی ئابوورییان دا، بەڵام ڕۆژنامەی "آرمان"، نیزیک لە باندی ڕووحانی پشتی بە لێدوانەکانی "فەرشید مۆئمێنی، ئابووریناس، بەستووە کە دەڵێ: گەشەی ئابووریی ساڵی ٩٥ گەشەی دوور لە "کیفیت"ە؛ ئەوەیکە دەوڵەتمەدارەکان باسی لێوە دەکەن تەنیا کۆمەڵێک یاریی هەڵپەرەستانەیە کە بە دەستکاری کردنی ئامارە ڕاستەقینەکان کڵاو لەسەر خەڵک دەنێن.

لە ڕاپۆرتی ئاماژەبۆکراودا کەیهان پڕژاوەتە سەر دۆسیەی "وام بۆ بووژاندنەوەی یەکە بەرهەمهێنەرەکان" و دەڵێ: بەپێی ئامارەکانی دەوڵەت، تاکوو ٢٨ی ڕەزبەری ئەمساڵ، ٣١هەزار و ٩٨٥ یەکە، داوای وەرگرتنی وامیان کردووە کە لەم ڕێژەیە تەنیا ٦هەزار و ١٨٥ یەکە توانیویانە ئەم وامە وەربگرن، واتە تەنیا ١٩٪ی یەکە بەرهەمهێنەرەکان توانیویانە لە فیلتێرەکانی دەوڵەت تێپەڕن و دەستیان بەم سەرچاوە ماڵییە ڕابگات.

لە کۆتایی ئەم ڕاپۆرتەشدا ئاماژە بە ٣ خاڵی گرینگ کراوە کە بەم چەشنەن:

١. بەپێی بۆچوونی کارناسانی ئابووری – کە تەنانەت هەندێکیان سەر بە باڵی ڕووحانین – هێنانە خواری هەڵاوسان بەمەرجی زاڵبوونی داتەپینی توندی ئابووری و مایەپووچ بوون و داخرانی دەیان هەزار یەکەی بەرهەمهێنەر بەکردەیی کراوە.

٢. بانگەشەی گەشەی ئابووری، تەنیا لە سەر بنەمای چوونەسەری ڕێژەی هەناردەکردنی نەوت بووە کە وەک پسپۆڕان دەڵێن ئەمە گەشەی نەشیاوە، چوونکە هیچ شوێندانەرییەکی لەسەر چەرخەی ئابووری نەبووە.

٣. ستادی ئابووریی دەوڵەت خاوەنی هیچ ڕێکخستن و هاوکارییەکی شیاو نییە، ئەمەش لە کارکردی ٣




ساڵی ڕابردوویان بە زەقی دەبیندرێ کە بەردەوام لەنیوان بانکی ناوەندی، دەزگای پلان داڕێژی، وەزارەتەکانی نەوت و سەنعەت و وزە و خۆشبژیوی و جیهاد، مشتومڕ و دەمەقاڵە هەبووە.

بڵاوبوونەوەی ئەم ڕاپۆرتە هاوکاتە لەگەڵ بڵاوبوونەوەی نوێترین ڕاپۆرتی دامەزراوەی توێژینەوەیی "لگاتۆم" لە لەندەن بۆ ساڵی ٢٠١٦، کە وڵاتانی جیهان لە باری پێوەری خۆشبژیوی پۆلێنبەندی دەکات، کە تێیدا ئێران لە نێو ١٤٩ وڵاتی جیهاندا لە باری خۆشبژیوی لە پلەی ١١٨دا جێی گرتووە و ڕەوتی داکشانی ئابووری لە وڵاتی ئێران درێژەی هەیە.

بەپێی ڕاپۆرتی ساڵی ٢٠١٦ی ئەو دامەزراوەیە، خەڵکی ئێران خراپترین و بەدکردارترین دەسەڵات لە سەر ژیانی تاکەکەسی خۆیان لە جیهاندا، قبووڵ دەکەن.

دامەزراوەی توێژینەوەیی لگاتۆم ئاستی خۆشبژیویی لە وڵاتانی جیهاندا بە هەڵسەنگاندنی دۆخی ئەو وڵاتانە لە هەشت بواری ئابووری، دەرفەت و هەلی کار، دەسەڵاتداری، فێرکاری، لەشساغی، تەناهی و دڵنیایی، ئازادیی تاک و سەرمایەی کۆمەڵایەتی تاوتوێ دەکات.

لەلایەکی دیکەشەوە بەشێک لە ناوەند و میدیا جیهانییەکان سەبارەت بە مەترسییەکانی درووست کردنی پێوەندیی بازرگانی لەگەڵ کۆماری ئیسلامی هۆشداریی جیددی دەدەنە کۆمپانیا نێونەتەوەییەکان و دەڵێن؛ کۆماری ئیسلامی لە قازانجە ئابوورییەکان بۆ پڕچەک کردن و دالدەی لایەنە توندڕەوە ئیسلامییەکان و تێرۆریستەکانی ناوچە کەڵک وەردەگریت؛ بۆ وێنە بڵاقۆکی "هیل" لە ڕاپۆرتێکدا بڵاوی کردووەتەوە کە: نا بە بازرگانیی لەگەڵ ئێران بڵێن و شیرکەتە بازرگانییەکانی لە بازرگانی نەکردن لەگەڵ ڕێژیمی ئێران ئاگادار کردەوە.بەپێی ڕاپۆرتێک لە بڵاقۆکی هیل کە لە لایەن کۆنگرەی ئامریکاوە بڵاو دەکرێتەوە، بە قەڵەمی یەکێک لە قوربانیانی تێرۆریزمی نێودەوڵەتیی ڕێژیمی ئێران نووسیویەتی کە؛ بازرگانی لەگەڵ ڕێژیمی ئێران مەکەن. "ڕابێرت بارتلێت" کە یەکێک لە گرووبانەکانی ئەرتەشی ئامریکایە کە قوربانیی تێرۆری ڕێژیمی ئێران بووە، لەو وتارەدا باسی لەوە کردەوە کە؛ "کۆمپانیا ڕۆژئاواییەکان هاوکاری لەگەڵ ڕێژیمی ئێران مەکەن چوونکە ئەو ڕێژیمە پشتیوانی لە تێرۆریزم دەکات". کۆماری ئیسلامی ئێران وەک دۆکتۆرینی نەگۆڕی خۆی لەژێر ناوی "هەناردەکردنی شۆڕش" ساڵانێکی دوورودرێژە کە سەرقاڵی سازکردن و پشتگیری کردنی لایەنە توندڕەوە مەزهەبییەکانە و سیاسەتی هەژمۆنیخوازانەی ڕێژیم لە ڕێگەی پاڵپشتی و دنەدانی ناکۆکییە تایفییەکانەوە پێڕەوی دەکرێت کە ئەمەش لەڕێگەی داهات و سەرچاوە ماڵییەکانی خەڵکی ئێرانەوەیە.

# هەواڵی ئابووری

## دەنگی پێی ترامپ، ئابووریی نەخۆشی ئێرانی شڵەژاند



هەڵبژاردنی دۆناڵد ترامپ وەکوو سەرۆک کۆماری نوێی ئەمریکا، یەکەمین شۆکی بۆ ئابووریی نەخۆشی ڕێژیمی ئێران بەدواوە بوو.

بە گوێرەی ڕاپۆرتی هەواڵدەریی سپۆتنیکی ڕووسیە، ڕاگەیاندنی ئاکامەکانی هەڵبژاردنی سەرکۆماریی ئەمریکا کاریگەریی نیگەتیڤی بەرچاوی لە سەر بازاڕی بوورسی تاران هەبووە، و پاش ڕاگەیەندرانی سەرکەوتنی ترامپ، لە کاتژمێری یەکەمدا، بوو بە هۆی دابەزینی زیاتر لە ١٢٠٠ یەکە لە پێنوێنی بوورسدا، کە ئەوە بە دابەزینێکی بەرچاو بۆ بازاڕی بوورسی تاران دێتە ئەژمار.

بە گوێرەی ئەو ڕاپۆرتە، بوورسی تاران بە دابەزینی ١٣٥٦ یەکە لە پێنوێنی گشتیدا بەرەوڕوو بوو و بۆ ٧٨ هەزار و ٥١٤ یەکە پاشەکشەی کرد و زۆربەی هێماکانی مامەڵەکردن لەو بوورسەدا تا هەنووکە دابەزینیان تۆمار کردووە.

پێنوێنی ئازادیی ناجێگیریش تا هەنووکە زیاتر لە ١٧٠٠ یەکەی لێ دابەزیوە و پێنوێنی بازاڕی یەکەم بە دابەزینی ١٠٦٥ یەکە، گەیشتە ٥٥ هەزار و ٤٢٥ یەکە.

ئەگەرچی وێدەچێ ئەو دابەزینە کاتی و زووتێپەڕ بێت و لە ڕۆژانی داهاتوودا بازاڕی پشکەکانی بوورس بگەڕێتەوە بۆ دۆخی ئاسایی خۆی، بەڵام پێشبینی دەکرێت بە کۆنترۆڵکردنی هەر دوو دەسەڵاتی یاسادانان و جێبەجێکاری ئەمریکا لە لایەن کۆماریخوازەکانەوە، لە ئەگەری پابەندبوونی ترامپ بە بەڵێنییەکانی پێش هەڵبژاردنی خۆی، بە تایبەتی لە پێوەندی لەگەڵ ڕێژیمی ئێران و ڕێککەوتنی ناوکیدا، کاریگەرییە درێژخایەنەکانی بوونی ناوبراو لە کۆشکی سپیدا، ئابووریی نەخۆشی ئێران لەگەڵ گوشار و هەڕەشەی زیاتر بەرەوڕوو بکات.

## دەوڵەتی یازدەیەم لە ٣٨مانگدا ٥٠٠هەزار میلیارد تمەن تێچووی هەبووە



لە ماوەی ٣٨مانگی ڕابردوودا دەوڵەتی یازدیەم زیاتر لە ٥٠٠ هەزار میلیارد تمەن تێچووی ڕۆژانەی هەبووە کە لە هەر مانگێکدا دەکاتە ١٦ هەزار میلیارد تمەن. ڕۆژنامەی "جوان" لە نوێترین ژمارەی خۆیدا بە ڕێکەوتی ٢٣ی خەزەڵوەر ئاشکرای کرد لە حاڵێکدا کە نێونجی تێچووی مانگانەی دەوڵەتەکانی نۆیەم و دەیەم تەنیا ٥ هەزار میلیارد تمەن بووە، دەوڵەتی یازدەیەم ئەم ڕێکۆردەی شکاند و سنووری ١٦ هەزار میلیاردی بەزاند.لە بەشێک لەم ڕاپۆرتەدا هاتووە: ئەم تێچووانە لە حاڵێکدا بەمشێوەیە ڕەوتی هەڵکشانیان پێواوە کە کابینەی حەسەن ڕووحانی بەردەوام باسیان لە نەبوون و لاوازیی سەرچاوەی ماڵی کردووە؛ ئێستا پێویستە لە حەسەن ڕووحانی بپرسین کابینەکەی ئەم پارە کەڵانەی لە کوێ وەدەست هێناوە و چۆنە کە نەیانتوانیوە بەم پارە زۆر و زەوەندە قەرزەکانی دەوڵەت بدەنەوە؟

ئەم ئامارانە لەکاتێکدا بڵاو دەبنەوە کە؛ بەپێی دوایین ڕاپۆرتی بانکی ناوەندییرێژیم، دەوڵەتی یازدەیەم سەدان میلیارد تمەن قەرزداری کەرتە جۆربەجۆرەکان لەوانە بانکەکانە و ڕێژەی نەخدینەیی لە ئێران گەیشتۆتە یەک هەزار و ١٢٢ میلیارد تمەن.بانکی ناوەندی دەڵێ: سەرچاوەی ئەم ٥٠٠ هەزار میلیارد تمەنە کە دەوڵەت بۆ کاروباری خۆی سەرفی کردووە بریتییە لە داهاتە ڕۆژانەکانی وڵات؛ بە واتایەکی تر دەوڵەتی یازدەیەم بەشی زۆری داهاتی وڵاتی بۆ تێچووە ڕۆژانەکانی خۆی تەرخان کردووە.

## سەرۆکی ژووری بازرگانی: گەندەڵی و داتەپین تەنیا ٢ نموونە لە کێشە ئابوورییەکانمانن



غوڵامحسەین شافێعی لە دانیشتنێکدا لەگەڵ لێژنەی نوێنەرانی ژووری بازرگانیی ئێران باسی لە زۆر و زەوەندیی کێشە ئابوورییەکان کرد کە تەنیا ناوی ٢ نموونەیان زەق کراونەتەوە.ڕۆژنامەی "ابرار اقتصادی" لە ڕاپۆرتەهەواڵێکدا باسی لە قسەکانی ناوبراو کردووە و نووسیویەتی: بە وتەی سەرۆکی ژووری بازرگانیی ئێران، ڕوانینی کورتخایەن بۆ پرسەکانی دەوروبەرمان، ڕێکاری کورتخایەنیشی لێدەکەوێتەوە؛ ئێمە لە ڕابردوودا بەمشێوەیە هەوڵی چارەسەرکردنی کێشەکانمان داوە بۆیە نەمانتوانیوە وەک پێویست چارەسەری گرفتەکان بکەین.شافێعی وتوویەتی: وێڕای داتەپین و گەندەڵی، دەبێ ئاماژە بەم کێشە و گرفتانەش بکەین کە پێکەوە ئابوورییەکەمان پێکدەهێنن: سنووورداربوونی پێوەندییە بانکییەکان، بێکاریی بەربڵاو، دابەش کردنی نایەکسانی داهاتەکان، نەبوونی بەرنامە و پلانی تۆکمە، کەمی یان نەبوونی سەرمایەی بەرهەمهێنەر، پێکهاتەی نەگونجاوی ئابووری، ناوەندگەرایی، کارانەبوونی سیستمی دراو و نەبوونی هاوئاهەنگی و هاوکاری کەرتە ئابوورییەکان.بە وتەی ناوبراو، گەندەڵی کە هەنووکە هەموو کەلێن و قوژبنەکانی ئابووریی ئێرانی تەنیوەتەوە، بە ٢ هۆکاری نەبوونی یاسا و ڕێسای ڕوون و دابەش نەکردنی دادپەروەرانەی دەسەڵات و هێز دێنە ئاراوە.ناوبراو لەمبارەوە بەشی سەرەکیی تاوانەکانی خستە ئەستۆی دەزگای داد و وتی:ئەگەر دامەزراوەکانی قەزایی ئێمە کارامە و لێهاتوو و سەربەخۆ بوایەتن ڕەنگە بەمشێوەیە شاهێدی بەرهەم هاتنی گەندەڵی نەدەبووین.

# هەموو ڕێگاکان دەچنەوە سەر تەلەڤیزیۆن

## بە بۆنەی ٢١ی نوامبر ڕۆژی جیهانیی تەلەڤیزیۆن



غالب حەبیبی

لەوەی کە تەلەڤیزیۆن، ئەو سندووقە سێحراویە، درووستکراوی خودی مرۆڤە و هەر ئەوش بەپێی ویستی دەتوانێ ناوەڕۆکی دەستنیشان بکات، تا ئاستێکی زۆر حەقیقەتی تێدایە، بەڵام هەموو کەرەستەیەکی دەستی مرۆڤ لەوانەش تەلەڤزیۆن، وەک ئامێرێک چییەتیی تایبەت بە خۆی هەیە. هەر لەم سۆنگەیەوە قسەی فەیلەسوفی ڕاگەیاندن، مەک لۆهان کۆکەرەوەی چییەتی تەلەڤیزیۆن وەک گرینگترین ڕاگەیەنی ئەم سەردەمە خۆی مانیفێستی خۆی پیشان دەدا کە: "ڕاگەیەن هەر هەمان پەیامە". واتە پەیام لە پەیامهێنەر جوێ ناکرێنەوە.

ڕواڵەتی درووستکردنی تەلەڤیزیۆن وەک هەموو ڕاگەیەنەرێکی ئەم سەردەمە، بڵاوکردنەوەی زانیاری و گەشەی پێوەندییەکانی نێو کۆمەڵگا بوو کە ئەگەر فەلسەفییانە ڕۆڵی ئەو کەرەستەیە باس بکەین دەبێ بڵێین کە؛ زانیاری دان، بوونی ڕاستەقینەی تەلەڤیزیۆن و هەموو ڕاگەینەرەکانە. بەڵام گەلۆ هەر ئەو ڕاگەیەنە و ڕاگەیەندکاران نەبوون کە شەن و کەوی ئەوەیان دەکرد کە سەرکۆماری داهاتووی ئامریکا بە هەموو پێوەرێک هیلاری کلینتۆنە؟ ئەمە ناکۆکی تەواوی لەگەڵ کارکردی ڕاگەیەنە، و تەلەڤیزیۆنیش یەک لەوان نەبوو؟ پێشبینییەکان تەنیا تایبەت بە ڕاگەیەنەرەکانی ئامریکا نەبوون، بەڵکوو هەموو جیهان کەم و زۆر ئەو شێوە ڕوانینەیان هەبوو، ئەمەش دوو تایبەتمەندیی تەلەڤیزیۆن کە دەرنجامی ناوەرۆکی ئەو کەرەستەیە دەردەخات کە بریتین لە؛ گشتگیری و ڕەزامەندی.

گشتگیری: بەو واتایە کە تۆڕێکی بەربڵاوی هەموو شتەکانە، ئەوەی کە کەتوارە و لە جیهانی ڕاستیدا هەیە، ئەوا لە تەلەڤزیۆنیش چڕ بۆتەوە و هەیە بەڵام بە "مەجازی".

ڕەزامەندی: بەردەنگ کە ڕازی نەبوو، ڕاگەیەنەری تەلەڤیزیۆنیش لە ناوەڕۆکی بەتاڵ دەبێتەوە و بۆیە لە یەککاتدا بە بەربژارە فرە و فراوانەکانی هەوڵ بۆ ڕاکێشانی سەرنجی بەردەنگ دەدات و ئیتر ئالێرەدایە کە خودسەرچاوەیی (خودمرجعی) تەلەڤیزیۆنیش دەردەکەوێت. ئەم تایبەتمەندییە وادەکا بیرمەندان بەسەر دوو بەرەدا دابەش بکات. ئەوانەی ڕوانگەیەکی ئەرێنییان لەهەمبەر تەلەڤیزیۆن هەیە و کەسانێکیش هەن کە وێڕای ڕوانگەی نەرێنییان، بە مەترسی بۆ پرچەکردارەکانی مرۆڤ لە ڕەوتی ژیانی ڕۆژانەیش بزانن. جێری ماندێر یەکێک لەو بیرمەندانەیە کە ڕەخنەی زانستیی ئاراستەی ڕاگەینەرەکان بەگشتی و تەلەڤیزیۆن بەتایبەتی دەکا و باسی دوورکەوتنەوەی جیلی نوێ لە پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکان و سەرچاوەکانی دیکەی زانست دێنێتە گۆڕێ و دەنووسێ؛ ئێمەمانان یەکەمین جیلی مێژووین کە شعووری خۆمانمان گواستووەتەوە بۆ نێو ڕاگەیەنەکان. ئەم ڕەشبینییەی باوکی بزاڤی دژە جیهانی بوون لەوەوە سەرچاوە دەگرێ کە؛ تەلەڤیزیۆن بەردەنگەکانی خۆی بە وێنە و وێنا بۆمباران دەکا، کۆمەڵێک وێنەی ڕاستی بەڵام بە ناوەرۆکی غەیرەڕاستی کە زۆرجار بەدڵ و حەزی ئێوەیش نییە دەچێتە مێشکەوە و لەو ململانێ نابەرابەرەشدا ئێوە بەپێچەوانەی ویستی دەروونیی خۆشتان هێژموونی وێنە و پەیامەکانتان پێگەیشتووە و ڕستەی "بینین بڕواپێکردنە"شتان قبووڵ کردووە.ئەم ئامێرە لەئێستادا لە زانستگەکان بووەتە باسی توێژینەوە و ڕەهەندە زۆر و جیاوازەکانی وەک کەرەستەیەکی پێوەندیی گشتی لە نێوان مرۆڤەکاندا تاوتوێ دەکرێت. ئەم لێکۆڵینەوانە لەژێر ناوی بیردۆزی ڕاگەینەکان بڵاو دەکرێنەوە کە زانکۆکانی ئامریکا وەکوو زۆرێک لە توێژینەوەکانیان لەبواری زانستە مرۆییەکان و تەکنۆلۆژیا، لێڕوانینێکی تایبەت بەخۆیان هەیە و ڕاگەیەن و کاریگەرییەکانی لەسەر دەروونی تاکەکان، پێوەندییەکانی کۆمەڵگا، کولتوور، بنەماڵە، توندوتیژی و منداڵان و ... لێکدەدەنەوە.سەرقاڵییەکانی مرۆڤی ئەم سەردەمە وادەکات پشوو و کات بەسەربردن ببێتە پەرۆشیی سەرەکی لە ژیانی ڕۆژانەیدا و کەم تێچووترین ڕێگاش هەرتەلەڤزیۆنە و بووەتە خوو کە ماڵ و بنەماڵە بەبێ ئەو نابێ و ناکرێ. پێکهاتنی ئەو دۆخە ڕێگا بۆ کەڵکئاژۆی دەسەڵات لە تەلەڤیزیۆن خۆش دەکا. مەبەستی دەوڵەتیش بەتایبەتی ئەگەر لەژێر کاریگەریی درێژماوەی ئایدیۆلۆژیایەکی تایبەتیدا بێ، ئەوا هزر و کردەی تاکەکانیش دەکەوێتە چوارچێوەی تۆتالیتاریزمی ڕاگەینەکان کە تەلەڤزیۆن لە هەرە بەرچاوەکانیەتی.یەکێ لەو بیردۆزانەی لە نێوەڕاستی نیوەی سەدەی ڕابردوو جێگایەکی زەقی لەناو توێژینەوە زانستییەکاندا هەبوو، تیۆری چاندن(Cultivation Theory)ی جۆرج گربنێرە کە باس لە کاریگەریی هەنگاو بە هەنگاوی تەلەڤیزیۆن لەسەر بایەخ، بڕوا و باوەکانی ناو کۆمەڵگا دەکات و ڕاشکاوانە دەڵێ: لەنێوان تەماشەچییەکانی تەلەڤیزیۆن و بۆچوونیان سەبارەت بە واقێعییەتەکانی جیهان، پێوەندییەکی ڕاستەوخۆ هەیە و ئەوانەی زۆر تەماشای تەلەڤیزیۆن(heavy viewers) دەکەن، لەگەڵ ئەوانەی بە کەمی تەماشای دەکەن، هەموو کاتێ کێشە و جیاوازیی بۆچوون هەیە. واتە گربنێر وێڕای جیاوازی دانان بۆ بەردەنگی ئاسایی و تەماشاچیی تەلەڤیزیۆن، پەیامی ئەم ئامێرە بەدوور لە کەتوار دەبینێ کە بە هۆی دووپاتە و چەندپاتەی لە کۆتاییدا وەک ڕوانگەی چەسپاوی کۆمەڵگا وەردەگیرێت کە بریتییە لە یەکسانسازیی ڕوانگەکان کە هەر هەمان بۆچوونی تەلەڤیزیۆنە. ناوبراو تەماشای زیاتر لە ٤ کاتژمێر تەلەڤزیۆن بە کاریگەر لەقەڵەم دەدات و لە ڕاست وەرگەڕانی بیردۆزەکەی ئاماژە بە دوو دیاردەی توندوتیژیی و سێکس دەکات. ئەو لەبارەی توندوتیژییەوە ڕستەی "سەندرۆمی جیهانیی نەشیاو" بەکار دەبا کە هێمایەکە بۆ نەخۆشییەک کە ئەو کەسانەی زیاد لە ڕادە چاو لە تەلەڤیزیۆن دەکەن و جیهان بەگشتی لەژێر هێژمونیی بەرنامەکانی پێوەندیدار بە سووکایەتی، دەستدرێژی و کوشتن وەک شوێنێکی کارەساتبار وێنا دەکەن کە بێجگە لە کوشتوبڕ، هیچی دیکەی نییە. لەسەر سێکسیش بەهەمان شێوە، تەلەڤیزیۆن لە گوتار و هەڵسوکەوت و تەنانەت جلوبەرگی ئەکتەرەکانی هەوڵ بۆ زەقکردنەوەی لایەنی سێکس و وورووژاندنی بەردەنگ دەدات و ئەو کەتوارە مەجازییەی درووستی دەکات، زۆر لە جیهانی واقعی جیاواز و سێکسیترە.

**دۆخی ئێران**

بە سەرنجدان بە دروونناسیی خەڵکی ئێران و پشتبەستن بە ئامار و ژمارە، بینین و بیستن بۆ خەڵکی ئێران زۆر زۆر هاسانتر لە خوێندنەوە، وێناکردن و بیر کردنەوەیە. دەسەڵاتی سیاسی لە وڵاتیش زۆر بەچاکی لە ڕۆڵ و کاریگەریی ڕاگەیاندن و تەلەڤیزیۆن تێگەیشتووە و بۆیە نەبوونی ڕاگەیەنی سەربەخۆ، دەبێتە پاوانی هەرەمی دەسەڵات و ڕاست لە خزمەت ئایدیۆلۆژیای حاکمدایە. بەگشتی تەلەڤیزیۆن لەبواری ئازادیی ڕادەربڕین و فرەیی بیروبۆچوونەکان داخراوترە لە ڕادیۆ و سیاسەتی یەکسانسازی هەستپێکراوتر و جێگیرترە. هەر بەپێی لێکۆڵینەوەکان، ڕادیۆ لە ئێراندا ڕاگەیەنێکی زۆرتر پیاوانەیە و تایبەت بە توێژی کەمخوێنەوار و خانەنشینی ناو گوندەکانە. لەدوای ٣٧ ساڵ لە شۆڕشی گەلانی ئێران، ڕێژیمی ئاخووندی چەندی ئاڵوگۆڕی بەسەر سیاسەتی خۆیدا هێناوە، بەڵام بنەما و ماکەی خۆی هەر نەگۆڕیوە و ئێستاش لە قۆناغێکدایە کە خۆی بە "جنگ نرم" ناودێری دەکات. ئێستا پرسیار ئەوەیە، مەبەست لەم سیاسەتە نوێیە لەبواری ڕاگەیاندن و بەتایبەتی تەلەڤیزیۆن چییە؟ ئایا جیاوازییەک لە نێوان ئەو بەرنامانەی عەبدۆلکەریم سرووش لە سەرەتای دەیەی ٦٠ی هەتاوی باسی پاکسازیی زانستگەکانی دەکرد، لەگەڵ ئەو دانپێدانانە ئەمڕۆ چالاکانی سیاسی لە تەلەڤیزیۆن دەیکەن، هەیە؟ سەردەمانێک کارکردی تەلەڤیزیۆن بەلاڕێدابردن یان شاردنەوەی کۆمەڵێک کار و کردەوی ڕێژیم و تەنانەت کۆمەڵگاش بوو، بەڵام ئێستا بە هۆی ڕاگەیاندنی دیکە، هیچ نەماوە بۆ شاردنەوە و حکوومەتی ئیسلامییش لەمە تێگەیشتووە و سەرقاڵی سووک کردن(ابتذال)ی کەتواری ناو کۆمەڵگایە تاکوو کێشەکان، ئاڵۆزییەکان و گرفتەکان ئاسایی بێتەبەرچاو، ئاسایی بە واتای ئەوەی دەسەڵات پێیخۆشە لە ڕێگای وێنەوە ڕاڤە و لێکدانەوە( بخوێنەوە پاساو)ی بۆ بکات. ئەگەر لە وڵاتانی دیکە ڕەخنە لە کارکردی ڕاگەیەنەکان بەگشتی و تەلەڤیزیۆن هەیە، ئەوا لە ئێراندا بەهۆی پێکهاتەی سیاسی و لەخزمەتدابوونی تەلەڤیزیۆن بۆ ئایدیۆلۆژیایەکی تایبەت، ئیتر ڕۆکنی چوارەمی دێموکراسی لە ئێراندا مەوزووعییەتی نامێنێ.

# ناسیاویی ئێرانییەکان لەگەڵ تەلەڤیزیۆن

کە باس لە مێژووی تەلەڤیزیۆن لە ئێراندا دەکەین، مەبەستمان بنێری شەپۆلە بۆ سەر ئانتێن. ئەو ڕۆژە دەگەڕێتەوە بۆ ئێوارەیەکی هەینی لە ١١ی ڕەزبەری ١٣٣٧ی هەتاوی، ١٨ ساڵ دوای هاتنی ڕادیۆ بۆ نێو ماڵەکان لە ئێراندا. گەڵاڵەی وەڕێخستنی ئەم ڕاگەینە یەکەم جار ساڵی ١٣٣٥ لەلایەن لاوێکی خەڵکی ئەسفەهان بەناوی کازرونی پیشنیار کراوە، بەڵام هەوڵەکانی نەگەیشتنە ئاکام و نازناوەکەی بڕایە کەسێکی دیکە بەناوی حەبیبوڵڵا سابێت پاساڵ. مەنووچێهر نەوزەرییش یەکەم پێشکەشکار بوو کە لەو ڕێکەوتەوە هەموو ڕۆژێ ٤ کاتژمێر لای ئێوارە بۆ شەو بەرنامەی بڵاودەکردەوە. بەرنامەی منداڵان، وەرزش، فیلمی سینەمایی، وانەی زمان و هەواڵەکان لە گرینگترین بەشەکانی تەلەڤزیۆنی کەرتی تایبەت لە ئێرانی ئەوسا بوون. ئەم ئامێرە وەک هەموو کەرستەیەکی لووکس، تەنیا توێژێکی زەنگین هەیانبوو و تا ئاستێکی زۆریش لەلایەن پیاوانی ئایینی و خەڵکەوە بە حەرام (فتوای بەدژ دراوە) لەقەڵەم دەردرا. ئابادان و ئەهواز دوو لەو شارانە بوون کە ساڵی ١٣٤٠ بنێری تەلەڤزیۆنییان بۆ دانرا. پرۆپاگەندەی تەلەڤیزیۆنی ئەو کات و پیشان دانی کتێبگەلێک کە باسی لە چۆنیەتیی بەکارهێنانی تیڤی و لایەنە ئەرێنییەکانی دەکرد، دۆخی ئەو کاتمان بە ڕوونی بۆ وێنا دەکات. پێنج ساڵ ئەم دۆخە درێژەی کێشا تاکوو دەوڵەت و دەربار هەست بە گرینگیی تەلەڤیزیۆن بکەن و بڕیاری دامەزراندنی وێستگەی تەلەڤزیۆنی "میللی" لە ساڵی ١٣٤٢ دەربکەن. سێ ساڵی پێچوو کە فەرانسەییەکان تەلەڤزیۆنێکی سەرتاسەرییان بۆ ئێرانییەکان لە کۆتایی ڕەشەممەی ٤٥ دامەزراند و ٥ ساڵ دواتریش یەکەم بینای ڕادیۆ و تەلەڤزیۆن وەک شوێنی بەرهەمهێنانی بەرنامە لە شەقامی "جام جم "سازکرا. زنجیرە درامای "ئەمیر ئەرسەلان نامدار" لە یەکەمینەکانی تەلەڤیزیۆنی ئێرانە. ساڵی ١٣٥٤ بوو کە وەشانی ڕەنگیی تەلەڤیزیۆن لە ئێراندا هاتە ئاراوە. ورمێ یەکەم شارستان لە کوردستان و ئێراندایە کە لە نێوەڕاستی گەلاوێژی ١٣٤٧ دا بووە خاوەن ناوەندی تەلەڤیزیۆنی میللی کە ڕۆژانە سێ کاتژمێر وەشانی بەرنامەی لە بەشێکی زۆری پارێزگاکە و ناوچەی ئەردەبیل و تەنانەت کوردستانی تورکیە تەماشا دەکرا. لە ساڵەکانی ٤٩ و ٥٠ لەکرماشان و پاشان سنە وێستگەی تەلەڤزیۆن دامەزران.

تەلەڤزیۆن لە ئێراندا پاش شۆڕشی گەلانی ئێران واتە ساڵی ١٣٥٧، بەتەواوی بووە مۆڵک و پاوانی حکوومەت و ناوەکەیشی بۆ "ڕێکخراوی دەنگ و ڕەنگی کۆماری ئیسلامیی ئێران"(IRIB) گۆڕدرا. بەرنامەکانی تەلەڤیزیۆن لەپاش شۆڕش، زۆرتر سیاسی و لەسەر ڕووداوەکانی پێش شۆڕش و دەربارەی شا بوون کە دواتر بە دەستپێکی شەڕ ئیتر بەشی هەرەزۆری بەرنامەکان بۆ لایەنەکانی شەڕ تەرخان کران. یەکەم بەرپرسی ئەم ڕێکخراوە، سادق قوتبزادە بوو کە خەرمانانی ٦١ بە بڕیاری خومەینی ئێعدام کرا. بەپێی یاسا، ڕێبەری ڕێژیم بەرپرسی ڕاستەوخۆی سەدا و سیما دیاری دەکا، بەڵام شۆڕای چاوەدێری بەسەر ڕێکخراوی دەنگ و ڕەنگی کۆماری ئیسلامیی ئێراندا ڕاپۆرتی چالاکییەکان تاوتوێ و دەیدا بە ڕێبەر.

سی و پێنج ساڵ لەدوای دامەزراندنی تەلەڤزیۆن و پاوانی بەرنامەکان لە دوو کاناڵی زایەڵەی یەک و دوو، شەبەکەی ٣ بە لێڕوانینێکی لاوانە و وەرزشیانە وەشانی دەستپێکرد.

ئێستا ئەم ڕێکخراوە لە ٢٠ وڵاتی جیهان نووسینگەی هەیە و نزیک بە ٥٠ هەزار کارمەند و پێرسۆنێلی بە بوودجەی یەک هەزار میلیارد تمەنی هەیە و بە بڵاوکردنەوەی دەیان هەزار کاتژمێر بەرنامە، بەتایبەتی لە نۆ کاناڵی دەرەکی، گەورەترین دەزگای پرۆپاگەندەی ئایدیۆلۆژیکی کۆماری ئیسلامی



# جووڵەی ژیان و ڕەنگ مۆرکی تایبەتیی جلوبەرگی ژنانی کرماشانە



شەریف فەلاح

ئەگەر فەرهەنگ ئاوێنەی نەتەوە بێت، بێگومان پاش زمان، یەکەم هێما کە دەربڕی ناسنامەی نەتەوەیی بێت، ئەوا جلوبەرگ و پۆشاکە کە دەوری سەرەکی دەگێڕێت و بە یەکێك لە توخم و پێکهاتە سەرەکییەکانی ناسنامە و شوناسی هەر نەتەوەیەکی ڕەسەن دێتە ئەژمار.کرماشان وەك گەورەترین پارێزگای کوردستانی ڕۆژهەڵات، خاوەنی گەلێك فەرهەنگ، تایبەتمەندیی ژیاری و کولتوورییە و بەتایبەت لە بواری جلوبەرگ و پۆششی خەڵکەکەیدا، خاوەنی مۆرکی تایبەت بە خۆیەتی و بەپێی وەرزەکان جلوبەرگی تایبەت لەبەر دەکەن. جلوبەرگ و تایبەتمەندییە ناوچەیی و ژیارییەکانی، ڕەنگ و هێما و مۆرکەکانی یەکەم نیشانەیە بۆ جیاکردنەوەی نەتەوەیەك لە نەتەوە و ئیتنیکەکانی دیکە، لەم بوارەدا پارێزگای کرماشان بەهۆی فرە کولتووری، ئاینی و زمانی و تاییفی کە هەیەتی، هەر ناوچە و دەڤەرێکی ئەم پارێزگایە لە وەرزە جیاجیاکاندا بەپێی ڕەوشی ژیان و کەشوهەوا جۆرێك جلوبەرگ لەبەر دەکەن. تایبەتمەندیی جلوبەرگی ژنانی کرماشان - سادەیی، ڕەنگی شاد و جووڵە - فش و بەرین- گونجاو لەگەڵ هەر چوار وەرزی ساڵ - جۆراوجۆری و ڕەنگی فراوان، جۆرەکانی جلوبەرگی ژنانی کرماشان، جلوبەرگی ژنانی شاری کرماشان و دەوروبەری خاونی سێ تایبەتمەندیی سەرەکییە ١ - تەن پۆش ٢ - پاپۆش ٣ - سەرپۆش، هەڵبەت هەروەك پێشتر باسی لێوە کرا، جۆر و شێوازی جلوبەرگەکان و بەتایبەت ژنانی کرماشان بەپێی جوگرافیا، کەشوهەوا و دابونەریتی ناوچە جیاجیاکان دەگۆڕدرێت، بەڵام بەگشتی جلوبەرگی ژنان لە پارێزگای کرماشان ئەم چەند جۆرەن. ١- ژێرپۆش، ٢ - کراس، ٣ - سەڵتە (کوڵەنجە)، ٤ - سوخمە (سیخمە، ئێلەك)، ٥ - کەوا، ٦- چارۆکە (کۆڵوانە)، ٧ — سەروێن (شەدە)، ٨ - کڵاو و لەچك ٩ - گوڵوەنی ١٠ - دەرپێ (شەرواڵ) - ١٠ - سۆرانی (فەقێیانە). جلوبەرگی ژنانی کوردی کرماشان درێژ و فش و بەرینە کە لە کۆتاڵی گوڵدار و جۆری کۆتاڵی ژنان هەندێ جار مەخمەڵ و هەندێ جاریش گوڵدار و ڕەنگاڵەیە، جۆری بڕینی زۆر سادەیە، درێژییەکەی هەتا سەر پەنجەی پا دەبێت. ئێخەیەکی خڕی هەیە و قۆڵەکەی ڕاست و سادەیە و لە هەندێ ناوچە سەرمەچەکی پێ زیاد دەکەن و جێگەی قۆپچەی بۆ دەهێڵنەوە کە پێی دەبەسترێت. زۆرینەی ژنانی کوردی ناوچەکانی هەورامان، جوانرۆ و سەلاسی باوەجانی قۆڵی کراسەکانیان فش و بەرینە و لە ناوچەی ئانیشکەوە لفکەیەکی سێ گۆشی بۆ دەهێڵنەوە کە پێی دەگوترێ سۆرانی (فەقێیانە) کە لە ناوچەکانی سنە و ئەردەڵان، موکریان و تەنانەت کوردستانی باشووریش باوە و لەڕاستیدا یەکێك لە خاڵە هاوبەشەکانی جلوبەرگی ژنانی کوردە و هەندێ جار قۆڵی پێ دەبەستن، یان لەسەرشان یان لە دەوری کەمەری دەبەستن کە جوانی و فۆرمێکی تایبەت بە جلوبەرگی ژنان دەبەخشێت. "کەوا" (زووەن)ی ژنانە، باڵاپۆشێکی سەراپایە کە هەتا سەر پەنجەی پا شۆڕدەبێتەوە و لە پارچەیەکی یەك ڕەنگ و زۆر جار مەخمەڵ و نەختێ ئەستوورتر لە کراسی ژنانە دروست دەکرێت و پێشەوەی ئاوەڵا و کراوەیە و لەسەر ناوك بە قۆپچەیەکی ئاسنی کە پێی دەگوترێ "قازان قوڵفی" هەڵدەپێکرێت، "کەوا" جوانییەکی تایبەت بە ژنان دەبەخشێت و زیاتر لە ناوچە کوێستانییەکان و بەتایبەت لە وەرزەکانی بەهار، پاییز و زستاندا زیاتر بەکار دەهێنرێت. لە زۆر ناوچەی کوردستان هەر ناوی کەوایە، بەڵام لە ناوچەی قەسر شیرین بە "زووەن، یان زبوون" ناسراوە. کەمەرچین و سوخمە (سیخمە جۆرێك کراسی کورتی ئەستوورە کە لە کرماشان لە ڕابردوودا پێی گوتراوە (کەمەرچین) کە دەوراندەوریان لە کەمەرەوە چین تێ دەخەن کە لەسەری تەنپۆشێکی دیکەیان لەبەر کردووە کە چەشنی قەمسەڵە بووە. سوخمە (ئێلەك، کوڵەنجە)ش یەکێکی دیکەیە لە جلی ژنانی کرماشان کە لە زۆر ناوچەی دیکەش لەبەر دەکرێت، سوخمە نیو تەنەیەکی چەشنی جلیسقەیە کە لە کۆتاڵی زەڕی یان مەخمەڵ دەیدروون کە چەند ڕەنگی جیاوازە و زۆر جار لە دیوی ناوەوە چەشنی کەوای ژنانە بەری (ئاستەڕ) هەیە. سوخمە؛ زۆر لە ژنان بۆ ڕازاندنەوەی خۆیان بە زێڕ و زیو و خشڵ، کەڵك لە سوخمە و سەڵتە و کەوا وەردەگرن. سەڵتە و ماشتە، نیوپۆشێکی قۆڵدارە کە پێی دەگوترێ سەڵتە و لە ناوچەی ئەردەڵانیش هەر بە سەڵتە ناسراوە، سەڵتە چەشنی سوخمە کورتە، بەڵام جیاوازییەکەی لەگەڵ سوخمە ئەوەیە کە قۆڵدارە، جۆری پارچەکەی چەشنی سوخمەیە، واتە مەخمەڵ و ڕەنگییە کە زیاتر لە وەرزی پاییزاندا لەبەری دەکەن. "ماشتە"ش جۆرێکی دیکەیە لە جلوبەرگی ڕەسەنی ناوچەی کرماشان کە لە پارچەیەکی هەورێشم دروست دەکرێت کە درێژییەکی دوو میترە و پانییەکەشی یەك میترە و دوو قەد دەکرێت و بە باری درێژیدا دەیخەنە پشتە سەر و دوو گۆشەکەی دیکەشی لە هەر دوولاوە دەخەنە سەر سینگ و وەك چارشێو بەکاری دەهێنن. سەروێن (شەدە)، سەروێنیش بەشێکی دیکەیە لە جلوبەرگی ژنانی کوردی کرماشان کە لە چەند دەسماڵێکی گوڵدار و ڕەنگیی تایبەت دروست دەکرێت و وەکوو "ڕەشتی" و "جامەدانە"ی پیاوان کەنارەکانی ڕیشاڵی هەیە و بە جوانی هەڵبەستراوە، ئەم شەدەیە بە شێوەیەکی جوان و ڕازاوە و هەر ناوچە و بە شێوازی خۆیان دەیبەستن کە بە جوانی بە پێش و لا تەنیشتی سەردا شۆڕ دەبێتەوە و گۆشە، لۆ و ڕیشاڵەکانی هەتا سەرشان و لامل شۆڕ دەبێتەوە و زۆر جار ڕیشاڵەکانی بەسەر نێوچەواندا بەر دەدەنەوە کە ئەمە تایبەتی کچانی کەلهوڕە. کڵاو و لەچکی ژنانی کەلهوڕ لە کرماشان، قەسر و گێلانی ڕۆژئاوا لەناو ئێلی ناوداری کەلهوڕ هەوری و کێشێکی تایبەت بەناوی سەروێن دەبەستن کە هەڵگری تایبەتمەندیی خۆیەتی و لە هەندێ ناوچەی وەك هەورامان، سەلاسی باوەجانی و جوانڕۆ بە "کڵاو و لەچك" ناسراوە و لە ناوچەکانی سنە و ئەردەڵان بە "کڵاو و شەوبەن" بەناوبانگە. "لەچك" پارچەیەکی نەرم و شلە کە سێگۆشەیە و سەرێکی بە دەرزی بەسەر کڵاوەکەوە دەبەسترێت و دوو لۆکەی دیکەی لە چەپ و ڕاستەوە بەسەر شان و ملدا بڵاو دەبن و لۆیەکی دەخرێتە سەر سینە و لۆکەی دیکەشی دەخرێتە پشتە مل. ڕەنگ یەکێك لە بەرچاوترین تایبەتمەندییەکانی جلوبەرگی ژنانی کوردی کرماشان، فراوانی، جۆراوجۆریی ڕەنگ و لەخۆگری هێماکانی ژیان و سروشتی کوردستانە، ڕەنگی شاد و جووڵە و سەرنجڕاکێشیی جلوبەرگی ژنانی کوردی کرماشان، لە هەمان حاڵدا کە فۆرمێکی سادە و ساکاریان هەیە، بەڵام تەژین لە واتا و هەوێنی ژیان و هەڵگری گەلێك واتای قووڵی ژیان و شارستانیەت و تایبەتمەندی ڕەسەنی کوردەوارین کە هیچکات کۆن نابن کە مۆرکی تایبەت بە نەتەوەی کوردیان پێوەیە.

# بێڕێزی کردن بە یارسانەکان لەلایەن ناوەندە حکوومەتیەکانەوە بەردەوامە




لە زستانی ساڵی ڕابردوو هەتا ئێستا ناوەندە جۆربەجۆرەکانی حکوومەتی ئیسلامیی ئێران بە شێوەی بەربڵاو و بەرنامەبۆداڕێژراو، خەریکی بێڕێزی کردن بە کوردە یارسانەکانن.

بەپێی هەواڵی ئاژانسی هەواڵدەریی کوردپا، پەیڕەوانی ئایینی یارسان سەرەڕای هەڵاواردن و زوڵم و زۆری بەربڵاو، بە هۆی کورد بوون و بیروباوەڕیانەوە لەلایەن حکوومەتی ئیسلامیی ئێرانەوە تووشی دەرد و ڕەنجێکی زۆر هاتوون.

ماڵپەڕی "صوفیه شناسی" ڕۆژی یەکشەممە **٢٣**ی خەزەڵوەر، بە بڵاوکردنەوەی چەند وێنەیەک لە ڕێوڕەسمی جێژنی خاوەنکار، لە ڕاپۆرتێکدا دەستی کردووە بە بێڕێزی و سووکایەتی کردن بە پەیڕەوانی ئایینی یارسان.

ئەو ماڵپەڕە بە مەبەستی تێکدان و پێکهێنانی کەشێکی ژەهراوی لە دژی پەیڕەوانی ئایینی یارسان و کەمینە ئایینیەکانی دیکە، دەستیان کردووە بە دنەدانی خەڵک و بڵاوکردنەوەی هەواڵی چەواشەکارانە و ناڕاست لە ناو خەڵکدا دژ بەو ئایینە.

ئەو ماڵپەڕە لەو ڕاپۆرتەدا هەروەها هۆشداری بە بەرپرسانی حکوومەتی داوە کە دەبێ بەربەستی زیاتر بۆ پەیڕەوانی ئایینی یارسان دروست بکەن و لە هەر چەشنە پەیوەندییەک لەگەڵ ئەو ئایینە خۆببوێرن.

ڕۆژەکانی ٢٢هەتا ٢٤ی خەزەڵوەر، ڕۆژی ڕێوڕەسمی مەزهەبیی یارسانەکانە، کە بە جێژنی خاوەنکار لەلایەن پەیڕەوانی ئەو ئایینەوە دەناسرێت.

پارێزگای کرماشان وەکوو گەورەترین ناوەندی کۆبوونەوەی پەیڕەوانی ئایینی یارسان بە ئەژمار دێت.

# کرماشان پلەی دووهەمی کێبڕکێیەکانی پاڵەوانیی ئێرانی بە دەست هێنا

لە کێبڕکێکانی پاڵەوانیی زۆرانبازیی ئازادی ئێراندا، کرماشان پلەی دووهەمی ئەم کێبڕکێیانەی بۆ خۆی مسۆگەر کرد.

بەپێی هەواڵە بڵاوکراوەکان، لەم کێبڕکێیانەدا کە لە ڕۆژانی ٢١ و ٢٢ی خەزەڵوەر لە شاری کرماشان بەڕێوە چوو، تیمی مازەندەران پلەی یەکەم و تیمی کرماشان پلەی دووهەمی وەدەست هێنا.

لەم کێبڕکێیانەدا لە کێشی سەرووی ٧٠ کیلۆدا "حامید ڕەشیدی" و "ڕەزا ئەفزەلی" توانیان بەسەر ڕکەبەرەکانیاندا سەرکەون و پلەی دووهەمی ئەم کێبڕکێیانە بەدەست بێنن.

پارێزگاکانی کوردستان و یەک لەوان پارێزگای کرماشان خاوەنی پۆتانسیەلێکی لەبار بۆ وەرزشی زۆرانبازین و تا ئێستا بە دەیان قارەمانیان پێشکەش بە وڵاتی ئێران کردووە، بەڵام هیچکات وەک پێویست ئاوڕیان لێ نەدراوەتەوە و لە پەراوێز خراون.

# ٢٠٠ کرێکاری خۆجێیی لە سەرکارەکەیان لە پارێزگای کرماشان دەرکران

خاوەنکاری گەڵاڵەی بەنداوی شاری قەسری شیرین لە پارێزگای کرماشان بە شێوەیەکی نایاسایی ٢٠٠ کرێکاری بێکار کرد.

بەپێی هەواڵی ئاژانسی هەواڵدەریی کوردپا، لە ماوەی چەند ڕۆژی ڕابردوودا، زیاتر لە ٢٠٠ کرێکاری بەنداوی "بازی دراز" لە ناوچەی قەسری شیرین لە کاتی دروستکردنی ئەو پرۆژەیە وەلا نران و بێکار کران.

کرێکارانی دەرکراو سەبارەت بەو هەوڵەی خاوەنکارەکەیان، دژکردەوەیان نیشان دا و لە نزیکەی ئەو بەنداوە کۆبوونەوەی ناڕەزایەتیان بەڕێوەبرد.

پرۆژەی دروست کردنی ئەو بەنداوە لەژێر دەستی شیرکەتی سپاسە کە سەر بە قەرارگای خاتەمولئەنبیای سپای پاسدارانە.

ئەو گەڵاڵەیە کە بەشێک لە گەڵاڵەی ئاوەدێری لە ناوچە گەرمەکان لە باشووری کوردستانی ئێران بەئەژمار دێت، هەتا ئێستا بە بیانووی "بینینی ڕەگەی نەوت لە بەنداوە"کە ڕاگیراوە.

بەرپرسانی شاری قەسری شیرین لە وەڵامی ناڕەزایەتیی کرێکارانی دەرکراو گوتوویانە؛ داخستنی ئەو بەنداوە کاتییە و بێکاریی زیاتر لە ٢٠٠ کرێکاری خۆجێییش بۆ ماوەیکی کاتی دەبێت.

جێگری سیاسیی فەرماندرای شاری قەسری شیرین لەو پێوەندییەدا ڕوونی کردەوە کە؛ دروستکردنی تونێل لەو شوێنە پێویستی بە کرێکار هەیە و بۆچی هەوڵی دەرکردنی ئەو ٢٠٠ کرێکارە دراوە

# خوێندنەوەی ڕاسان
# لە هەڕەشەکانی سپای پاسداران بۆ سەر حکوومەتی هەرێمیکوردستان

ئەلبۆرز ڕووئین تەن

ئەمساڵ هەڕەشەکانی سپای پاسداران کەوتۆتە قۆناغێکی نوێوە، چوونکە ڕەنگی هەڕەشەکان جیاوازییەکی زۆری لەگەڵ ساڵانی پێش هەیە، ئەو هەڕەشانە سەرەڕای ترس، پیلانەکانی ڕێژیمیش نیشان دەدات.

*بۆچی دەبێ سپای پاسداران وا بە ئاشکرا بەرانبەر بە هەرێمی کوردستان و هێزەکانی ڕۆژهەڵات و بەتایبەتی ڕێبەرایەتیی ڕاسان واتە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران کە بە "لەنێوچوو" ناوی دەبات، هەڕشە بکات؟

* بۆچی ئەو هەڕەشانە ڕاستەوخۆ ئاراستەی حکوومەتی هەرێم و سەرۆکایەتیی هەرێم بکات، لە کاتێکدا ئەوە لە دەرەوەی ڕیسا و عورفی دیپلۆماسییە؟

*پیلانی پشتی پەردەی ئەو هەڕەشانە چین؟

وەڵامدانەوەی پرسیارەکانی سەرەوە تابلۆیەکی ڕوونی سیاسەتی سپای پاسداران بەرانبەر بە کورد وێنا دەکات. وەڵامی پرسیاری یەکەم دەگەڕێتەوە بۆ سەرکەوتنی ڕاسان لە پلان و جێبەجێ کردنی. چوونکە هەڕەشەی سپای پاسداران وەک لە ناوەکەی دیارە، گرنگترین ناوەندی پاراستنی ڕێژیم لە مەترسیی هەبوونی ڕاسان بۆ سەر هەبوونی ڕێژیم دەگەڕێتەوە، ئەگەر وا نەبا هۆکاری هەڕەشە کردنی هێزێک کە خۆی بانگەشەی نەمانی دەکات، مانای نەبوو. بەڵام ناچار بوونیان بە پەنا بردنە بەر هەڕەشە و گوڕەشە، ڕاستیی مەزنیی و شوێندانەر بوونی ڕاسان دووپات دەکاتەوە، ئەویش لە زمانی دوژمنەوە. کە واتە گرنگیی پشتیوانیی کورد بەگشتی بۆ ڕاسان جارێکی دیکە بۆ هەمووان دەردەکەوێت، چوونکە دوژمن بە هەموو شێوەیەک دژایەتی دەکات و کوردیش دەبێ بە هەموو شێوەیەک پشتیوانیی لێ بکات.

وەڵامی پرسیاری دووەم لە هێزی سپای پاسداران لە دەستێوەردان لە وڵاتانی ناوچە سەرچاوە دەگرێت. چوونکە هەڕشە بۆ سەر دامەزراوەیەکی یاسایی کە پێوەندیی دیپلۆماسیی لەگەل ئێران هەبێت بە شێوەیەک کە ئەو هەڕشانە باس لە هێرش کردنە سەر و دوژمنایەتی کردنی ئەو هەرێمە بکات، نیشان دەدات کە سپای پاسداران لە هەموو ئەو پیلانانەی دەیهەوێ لە حکومەتی هەرێمی کوردستان جێبەجێی بکات بە جۆرێک بێ‌هیوا بووە، بۆیە دەیهەوێ بە شێوەیەکی ڕاستەخۆ گوشار بهێنێت بۆ ئەوەی حکومەتی هەرێمیش بە گوشاری خۆی ڕێبەرایەتیی ڕاسان لە ڕاسان و بەرنامەکانی پاشگەز بکاتەوە. تەنانەت چۆنیەتیی ئەو هێرشانەی خۆشیان لەکاتی هەڕەشەدا ناو دەبەن، وەکوو هێرشی مووشەکی و هێرشی دەوڵەتی مەرکەزیی عێراق بۆ سەر کوردستان و تەنانەت جوداکردنەوەی بەشێک لە هەرێمی کوردستان و پشتیوانیی ئاشکرا لە هێزیکی کوردی لە ڕێگەی لایەنگرانی خۆیان لە وڵاتانی دیکە، بۆ ئەوەی دژایەتیی حکومەت و سەرکردایەتیی سیاسیی باشووری کوردستان بکەن. واتە بەرەوپێش چوونی ڕاسان گوشاری بۆ سپای پاسداران هێناوە تا بەو شێوەیە ڕاستەوخۆ هەڕەشەکانی خۆی ئاراستەی باشووری کوردستان بکات.

وەڵامی پرسیاری سێیەم دەتوانرێت لە وشەکانی نێوئاخنی هەڕەشەکاندا دیاری بکرێت. سەرەتا کە پاسدار سەلامی لە تریبوونی فەرمیی کۆماری ئیسلامی واتە لە مینبەری نوێژی هەینی بۆ هێرشی ڕاستەوخۆی ئێران بە هێزی مووشەکی و زەوینی بۆ سەر ناوەندەکانی شۆڕش کە دەکەونە دەرەوەی سنوری ئێران لەخۆ دەگرێت، هەڵبەت ترس لە وەڵامی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە نێوخۆی وڵات بە شێوەیەک کە دۆخەکە ئیتر کۆنتڕۆڵ نەکرێت و هەروەها دروست بوونی هاوپەیمانییەکی نێونەتەوەیی لە دژایەتی کردنی ئێران لە کاتێکدا کە بانگەشەیەکی زۆر بۆ بەرنامەی بەرجام وای کرد کە بەشێوەیەک لە شێوەکان ئەو بەرنامەی خۆی بۆ پیلانی کۆتایی بەجێ بێڵێت.هەڕەشەی دووهەم کە سەفەوی ڕاوێژکاری خامنەیی بۆ کاروباری سەربازی کردی و باسی لە پێکەوە لکانی باشوور و ڕۆژئاوای کوردستان کرد. زۆر شیکاری سیاسی و ڕۆژنامەوانی ئەو هەڕەشانەیان وا شی کردەوە کە مەبەست لێی دروست کردنی حکومەتێکی وا لە باشووره کە نزیک بێت لە پەکەکە، بۆئەوەی بتوانێ لە ڕۆژئاوا نزیک بێت و بە شێوەیەک یەک بگرن کە هیلالی شیعەی ئێرانی کامڵ بکات. بەڵام ئەوەی من لەو هەڕەشەیە تیگەیشتم ئەوە نەبوو، چوونکە ڕاوێژکاری خامنەی بە باشی دەزانێت کە پارتی و سەرۆکی هەرێم بە هۆی سیاسەتیان لەو هاوکێشەیەدا جێگایان نابێتەوە، کەواتە مەبەستیان لەو هەڕەشەیە پێکەوەلکاندنی شنگال و ڕۆژئاوایە کە لە ڕووی جوگرافی و دەست ڕۆیشتوویی هێزێکی نزیک لە ئیران بۆ ئەو مەبەستە گونجاوە. هەر دوای ئەو هەڕەشانە بوو کە تورکیەش ئەو پیلانەی خوێندەوە و بە فەرمی ڕایگەیاند کە؛ ئێمە ڕێگە بە دروست بوونی قەندیلێکی دیکە لە شەنگال نادەین.لە دوایین هەڕەشەی خۆیاندا کە دیسان سەفەوی کردویەتی، باس لەوە دەکەن کە کوردستانی عێراق ناتوانێ هەنگاو بەرەو سەربەخۆیی بهاوێژی چوونکە ئەو کات تەنیا ئاسمانی دەمێنێ. ئەوە بەو مانایەیە کە ئێمە هەرێمی کوردستانمان لە هەموو لایەکەوە کۆنترۆڵ کردووە و تەنیا ڕێگەی ئاسمانی بەدەستەوە ماوە. ئەگەر سەیری دابەش بوونی هێزەکانی دۆستی ئیران بکەین، لەوانەیە ڕاست بێت، بەڵام بەشێکی زۆری ئەو گەمارۆیە لەلایەن هێزی کوردییەوەن کە ئێران ئەوانیش بە بەشێک لە خۆیان دەزانێ، بۆیە تەنیا ڕێگەی ئاسمان بۆ کورد لە باشوور جێدێڵێ. کەواتە پیلانی ئێران بۆ گوشار هێنان و وەشاندنی گورز لە حکوومەتی هەرێم لە ڕێگەی هێزە کوردییەکانەوەیە کە ئەگەر بێتو ئەو هێزانە گوڕانکاری لە سیاسەتی خۆیان بۆ پاراستنی بەرژەوەندیی نەتەوەیی بکەن، هەموو ئەو پیلانانە سەرناگرێت و ڕاسان زۆر ئاسانتر سەردەکەوێ و کورد و دونیا لە دوژمنێکی دڕەندە نەجاتی دەبێت. سەرئەنجام ئەوەی لە هەڕەشەکانی سپای پاسداران دەردەکەوێ، سەرەتا لە ترسی ڕاسانە دواتر لە دیتنی سەرکەوتنی ڕاسانە، لە کۆتاییشدا نیشاندانی پلانەکانیەتی بۆ دژایەتیی کورد و ڕاسان. ئەوە نیشان دەدات ئەرکی ڕاسان چەند قورسە، بەو قورسییە کە توانیویەتی چەندە بەهێز بێت کە دوژمن توشی پەلاقاژە بکات، هیوامان بۆ ڕزگاری دوو ئەوەندە زیاد دەکات.



## حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران داوای ئازادکردنی هاوسەرۆکانی HDPی کرد

پاش گرتن و دەستبەسەر کردنی هاوسەرۆکانی HDP و بەشێک لە پارلمانتارانی ئەم ڕێکخراوەیە لەلایەن دەوڵەتی تورکیەوە، وتەبێژی حیزبی دێموکرات لە لێدوانێکدا بۆ ماڵپەڕی کوردستان میدیا هەڵوێستی فەرمیی حیزبی دێموکراتی بۆ ڕای گشتی بڵاو کردەوە و تێیدا نیگەرانی خۆی لەم دەستبەسەرکردنانە دەربڕی.

بەڕێز حەسەن شەرەفی، جێگری سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکرات و وتەبێژی فەرمیی حیزب، لەمبارەوە وتی: ئەوەی ڕۆژی هەینی ڕێکەوتی ١٤ی خەزەڵوەری ١٣٩٥ی هەتاوی بەرانبەر بە ٤ی نوامبری ٢٠١٦ی زایینی ڕوویدا و هاوسەرۆکانی HDPو ژمارەیەک لە پارلمانتارانی ئەو ڕێکخراوەیە لە لایەن پۆلیسی تورکیە و بە بڕیاری دەزگای قەزایی ئەو وڵاتە دەستگیر کران، لە ڕوانگەی ئێمەوە بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی کە HDP ڕێکخراوێکی ڕێگەپێدراو و یاساییە لەم وڵاتە و پارلمانتارەکانیش بە شێوەی یاسایی و بەدەنگی خەڵک هەڵبژێردراون، دەستگیرکردنیان جێگای نیگەرانیە و بە کردەوەیەک دادەنرێ کە لە بەرژەوەندیی خەڵکی ئەو وڵاتە و تەنانەت لە بەرژەوەندیی حکومەتی تورکیەشدا نەبێ، چوونکە کردەوەی لەو شێوە ڕێگای چارەسەری کێشەکان لە ڕێگای پارلمانەوە لەگەڵ گیروگرفت بەرەوڕوو دەکا.

بۆیە لەو پێوەندییەدا ئێمە وەک حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران داوا لە حکوومەتی تورکیە دەکەین کە دەستگیرکراوەکان ئازاد بکات و هەر دوولا تێبکۆشن لە ڕێگەی وتووێژەوە کێشەکانیان چارەسەر بکەن.

## هۆزە عەرەبەکانی مووسڵ داوا دەکەن ناوچەکانیان ببنە بەشێک لە هەرێمی کوردستان

هۆزە عەرەبەکانی مووسڵ و دەوروبەری لە ڕاگەیەندروێکدا داوایان کردووە کە پێشمەرگە لە ناوچەکانیان نەکشێنەوە و ناوچەکانیان بکەوێتە سەر خاکی هەرێمی کوردستان.لە ڕاگەیاندراوەکەی هۆزە عەرەبەکانی شاری مووسڵ و دەوروبەریدا هاتووە کە؛ ئەو ناوچانەی کە پێشتر بە ناوچەی "کێشە لەسەر" ناو دەبران، دوای ئەوەی کە لەلایەن هێزی پێشمەرگەی کوردستانەوە ئازاد کران، بوونەوە بە ناوچەی کوردستانی و بە خوێنی پێشمەرگە قارەمانەکان ڕزگار کراون و ئێمە وەکوو هۆزە عەرەبەکانی ئەو ناوچانە، قبوولٚ ناکەین کە بگەڕێینەوە سەر حکوومەتی ناوەندی عێراق و داوا دەکەین ببین بە بەشێک لە خاکی کوردستان. هۆزە عەرەبەکانی شاری مووسڵ و دەوروبەری هەر لەو پەیوەندییەدا هەستاون بە کۆکردنەوەی واژۆ و تا ئێستاش زیاتر لە ١٠٠ هەزار واژۆیان کۆ کردووەتەوە. هۆزە عەرەبەکانی شاری مووسڵ و دەوروبەری، هاوکات وتەکانی "ساڵح موتلەک" ڕەت دەکەنەوە و بە پیاوی مالکی ناوی دەبەن و ڕایدەگەیێنن کە؛ "هێزەکانی پێشمەرگە ماڵ و موڵکی عەرەبەکانیان پاراستووە و ئێمە بەشێکین لە گەلی کوردستان، و بارزانیش بە ڕێبەر و سەرۆکی خۆمان دەزانین و دژی هەر لایەک ڕادەوستین کە هەوڵ بدات ناکۆکی بخاتە نێوان هەردوو نەتەوەی کورد و عەرەب."



## محەممەد نەزیف قادری:

# پەیامی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران دەبێتە بنەمای ژیانێکی بەختەوەرانە بۆ گەلی کورد و هەموو دانیشتوانی کوردستان

وتووێژ: شەهرام میرزایی

لە درێژەی زنجیرە وتووێژگەلێک کە بە مەبەستی تاوتوێکردنی جێگە و پێگەی بزوتنەوەی میللی-دموکراتیکی کورد لە باشوری زاگروس بە تایبەت لە کرماشان و ئیلام ئەنجام دراوە و دەدرێ، ئەمجارە لەگەل بەڕێز محەممەد نەزیف قادری - ئەندامی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران- ئەم بابەتەمان وورووژاندووە و کۆسپەکانی سەر ڕێگای خەباتی ئازادیخوازانەی گەلەکەمان لە کرماشان و ئیلاممان شی کردەوە و ئەرکی سەرشانی پارتە کوردییەکان بە تایبەت حیزبی دێموکرات وەکوو پێشەنگی خەباتی ئازادیخوازانەی کورد لە ڕۆژهەلات لە ئێستا و داهاتوودا خستە بەر باس. دەقی ئەو وتووێژە دەخەینە بەر دیدی خوێنەرانی بەڕێزی ڕۆژنامەی "کوردستان".

کاک محمد نەزیف قادری لە سەرەتای وتووێژەکەماندا ئاماژەی بە پێگەی سیاسیی کرماشان لە مێژووی هاوچەرخدا کرد و گوتی: ئەگەر لایەنی سیاسی و مێژوویی شاری کرماشان و دەڤەری ئەو پارێزگایە و پێکهاتەکانی بە شێوەیەکی کارناسانە شرۆڤە بکەین و سەیری ئەم شارە لە سەردەمی بزووتنەوەی مەشرووتییەت و قۆناغی خۆماڵی کردنی نەوت و ئاڵوگۆڕە سیاسییەکانی دوایی بکەین، ئەو ڕاستییەمان بۆ دەردەکەوێ کە کرماشان یەکێک لە ناوەندە گرینگە سیاسی-ئابوورییەکان بووە و لە یەکلاکردنەوەی پرسە سیاسییەکان و ململانێ هزرییەکاندا ڕۆڵی یەکلاکەرەوەی هەبووە، بیرمەندان و ئازادیخوازانی ئەم شارە لە ڕیزی ڕێکخراوە سیاسییەکاندا ڕۆڵی مێژوویییان گێڕاوە، لە سەردەمی شۆڕشی پڕشکۆی گەلانی ئێرانیشدا چەخماخەی ئاگری شۆڕش دژی ڕێژیمی دیکتاتۆری پاشایەتی حەمەڕەزاشای پەهلەوی، شان بە شانی شارەکانی دیکە لە ئێران لێدرا، و ڕۆڵەکانی ئەم شارە بە دانی دروشمی "مەرگ بۆ شا" ڕژانە شەقامەکانی شار و دواتر تەواوی ناوچەکانی ئەو دەڤەرەی گرتەوە.

بەڕێز قادری ئاماژەی دایە بیری ناسیۆنالیستی کوردی لەم دەڤەرە و کێشەکانی بەر پێی خەباتی کوردی لە کرماشانی خستە بەر باس و گوتی: لەگەڵ ئەوەی خەڵکی کرماشان لەم بزووتنەوە جەماوەرییەدا چالاک بوون، لە باری نەتەوەییشەوە لە بەرانبەر ئەقڵیەتی شۆوێنیستی ئێرانیدا خاوەن هەڵوێست بوون و بە کورد بوونی خۆیان شانازیيان کردووە و هەر لە سەردەمی شەڕەکانی یەکەم و دووهەمی جیهانییەوە لە جووڵەی سیاسیدا حزووریان هەبووە، لە کۆماری کوردستانیشدا ڕووناکبیران و سیاسییەکان لە پرۆسەی سیاسیی کوردستاندا بەشدار بوون و هێمای ناسراوی ئەو قۆناغەیش کەسانی وەک "برایم خانی نادری"، "سەیدتایر هاشمی" و "ڕەشید باجەلان" و نیشتمان پەروەرانی مەڵبەندی جوانرۆ و هەورامان بوون کە بەداخەوە دوای سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێران، مەلاکان و ئیمام جومعەکان و کەسانی بەرژەوەندیخواز لەگەڵ دەسەڵاتی ناوەندی کەوتنە ساتوسەودا و بە کەڵک وەرگرتن لە هەستی ئایینیی خەڵک دژی پرسی نەتەوەیی، ناوەندی شاری کرماشانیان کردە بنکەی سپای پاسداران و بەسیج و سیاسەتی دژایەتی کردن لەگەڵ حیزبی دێموکراتیان گرتە بەر و کەوتنە چەکدار کردنی خەڵک دژی جووڵانەوەی میللی دێموکراتیکی گەلی کورد. مخابن هێندێک لە تەیارە بەنێو چەپەکانیش یارمەتیدەری ڕێژیم لەو سیاسەتەدا بوون. وێڕای ئەو هەوڵە دژی کوردەی نەیارانی حیزب و بزووتنەوەی مافخوازانەی کورد، حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە شاری کرماشان کۆمیتەی حیزبی پێکهێنا و شەهید کاک ئەبوبەکری هیدایەتی و چەند هاوڕێی بەوەجی دیکە کەوتنە چالاکیی سیاسی و هەروەک ئاماژەم پێکرد، دوای ئەو هەوڵانەی حیزب زۆری نەخایاند ڕێژیم دوای وەڕێ خستنی کۆمەڵێک شەڕ لە شارەکانی کوردستان، شەڕی پاوەیشی ڕێکخست و ئەوەی کردە بیانوو بۆ ڕاگەیاندنی بڕیاری شەڕێکی سەرتاسەری دژی خەڵکی مافخوازی کورد و حیزبی دێموکراتی بە هەڵوەشاوە ڕاگەیاند و دەرەتانی خەباتی سیاسی و مەدەنیی بۆ تێکۆشەرانی دێموکرات نەهێشتەوە.

هەر وەها بەڕێز قادری لە وەڵامی پرسیارێکدا سەبارەت بەوەیکە بۆچی ئەو کاتەی کە حیزب دەرفەتی باشی بۆ گرتنی میتینگ یان کۆنفرانس لە کرماشان هەبوو، ئەو کارەی نەکرد گوتی: ئەگەر واقێعبینانە وەڵامی ئەو بەشە لە پرسیارەکەت بدەمەوە، کەس ناتوانێ لەو ڕاستییە حاشا بکات، دەکرا لەو ماوەیە لە سەرکەوتنی شۆڕش تا بڕیاری شەڕی سەرتاسەری، چەندین کۆڕ و کۆبوونەوە و میتینگی گەورە لە دەوروبەری کرماشان پێکهاتبا و زیاتر کۆمەڵانی خەڵک لە ئامانج و سیاسەتەکانی حیزب ئاگادار کرابان و دەرفەت بە سەرانی ڕێژیم نەدرابایە بەو شێوەیە خەڵک بەلارێدا بەرن، و کرماشان بکەنە ناوەندی هێزە چەکدارەکانی ڕێژیم دژی جووڵانەوەی نیشتمانیی کورد، ئەو کەم و کۆڕییانەش بۆ تێکۆشەرانی کورد ئەزموونێکە کە نابێ لە بزووتنەوەی کوردستاندا دووپات بێتەوە.

کاک محەممەد نەزیف قادری ئاماژەی بە کۆسپەکانی سەر ڕێگای بزووتنەوەی میلی-دێموکراتیک لە کرماشان کرد و گوتی: مەسەلەی فرە پێکهاتەیی، نەبوونی ناوەندگەلی بیر و هۆشیاریی نەتەوەیی و دەرەتانی چالاکیی سیاسیی حیزب و لایەنە سیاسییەکانی کوردی، و هەوڵدان بۆ کەمڕەنگ کردنەوەی لایەنی نەتەوەیی و پڕڕەنگ کردنی لایەنی ئایینی دژی شوناسی نەتەوەیی لەو کۆسپانەن. قسەی وەزیرێکی شۆوێنیستی دژی کوردم لە شەڕی سێ‌مانگەدا لە بیرە کە دەیگوت؛ "خەڵکی کرماشان کاتێک خانوویەک دروست دەکەن ژوورێکی نەزری ئیمام حوسەین دەکەن"، مەبەستی ئەوە بوو کە خەڵکی ئەو شارە لەگەڵ مەسەلەی کوردایەتی و حیزبایەتیدا نین، بەڵام هەستی کوردایەتی ڕۆڵەکانی مەڵبەندی کرماشان، لە نووسینەکانی نووسەرانی نیشتمانپەروەر و لە گۆرانی و سروودی هونەرمەندان، و لە بەربەرەکانێی ڕۆڵەکانی لە زیندانەکانی دیکتاتۆرەکان، لە بەرخۆدانیان لە سەنگەرەکانی هێزی پێشمەرگەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێراندا دەنگی داوەتەوە و کرماشان و دەڤەری کرماشان و ئیلام کە لە مێژوودا بە "خەتتەی خوسرەوان" ناسراوە، لە هەموو شوێنێک شانازی بە کورد بوونیانەوە دەکەن و بەشێوەی فەرهەنگی، هونەری، خەباتی مەدەنی و سیاسی و پێشمەرگانە ئەرکی نەتەوەیی خۆیان بەڕێوە دەبەن و لە بەرانبەر ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێراندا لە خەباتدان.

کاک محمد نەزیف قادری ئاماژەی دایە دامەزراندنی هێزەکانی "شاهۆ"، "دالاهۆ" و "بێستون" و ڕۆڵی کاریگەریان لەسەر کرماشان و ئیلامی شی کردەوە و گوتی: دەستپێکردنی خەباتی ئاشکرای حیزبی دێموکرات لە دەڤەری کرماشان و ئیلام و دامەزراندنی کۆمیتەی حیزبی لەو پارێزگایانە، لە ڕاستیدا گەیاندنی پەیام یان بە واتایەکی دیکە دیسکۆرسی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بوو لەو دەڤەرە، و بەشداریی نوێنەرانیان لە حیزبدا هەر لە کۆنگرەی چوارەوە و دوای شۆڕشی گەلانی ئێران و دامەزراندنی هێزەکانی شاهۆ، بێستون و دالاهۆ، و بەشداریی زۆر ڕۆڵەی هەڵکەوتووی کرماشان و شارەکانی دیکە لە ڕیزی پێشمەرگەکانی حیزبدا شوێندانەریی گرینگ و بەرچاویان بووە، خەبات و بەرخۆدان و خۆڕاگریی شەهیدان خەلیل خەلەبان، ڕەزا پەنبەیی و سەدان شەهیدی سەربەرزی دەڤەری کرماشان و بەشداریی خەڵکێکی زۆریان لە ڕیزەکانی تەشکیلاتی حیزب، نموونەی زیندووی هەستی نەتەوەیی و نیشتمانپەروەرییانە، بێگومان ئەو وشیارییە سیاسیەیش ئێستا لە نێو لاوان و کوڕان و کچان و بەتایبەت خوێندکارانی بەوەجی کرماشاندا دەبینرێ و ئەو گوڕ و تینە لە نارەزایەتی دەربڕینەکانیان دژی ڕێژیم و جینایەتەکانی بەرێویان بردووە، گۆڕەپانی خەبات زیاتر بەتین دەکەن، و چیرۆکی خۆڕاگریی خەلیل خەلەبان و مەحموودبەگی کەلاشی و کەماڵ دەباغی ئێستا وانەی خۆڕاگریی ڕۆڵەکانی کرماشانە و ئاڵای ئامانجی ئەوان کە ڕەوایی خەباتی حیزبی دێموکراتە هەر شەکاوەیە.

بەڕێز قادری لە درێژەی وتووێژەکەدا بە بەرین کردنەوەی پانتای چالاکیی کوردی و بەرز بوونەوەی هۆشیاریی نەتەوەیی لە نەوەی ئەمڕۆی کورد لە کرماشان و ئیلام ئیشارەی کرد و وتی: یەکێک لە فاکتەرە شوێندانەرەکان کە ئاستی وشیاریی نەتەوەیی خەڵکی لەو دەڤەرە بووژاندووە، ئازاد کردنی عێراق لە چنگی ڕێژیمی بەعس و پرۆسەی سیاسیی ئەم وڵاتە و دامەزراندنی سیستمی فێدراڵی و حوکمڕانیی باشووری کوردستان و بەتایبەت شارەکانی خانەقین و.. بوو، تێکەڵاوی و پێکهێنانی کۆڕ و کۆبوونەوە لە بواری جۆراوجۆر لەسەر داب و فەرهەنگ و کولتوور و پرسە سیاسییەکان و لەسەر جووڵانەوەی کورد و بڵاو کردنەوەی دەیان گۆڤار لەسەر فەرهەنگی ئەو دەڤەرە، لە وشیار کردنەوەی خەڵکدا ڕۆڵی گرینگی هەبوو، چالاکیی سیاسی، مەدەنی و پێشمەرگانەی لایەنە سیاسیەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستانیش بەشێکی دیکەیە لەم ژیانەوەیەدا.

بەڕێز قادری لە کوتایی وتەکانیدا باسی ڕاسانی نوێی گەلەکەمانی هێنایە ئاراوە و پێگەی کرماشان و ئیلامی لەم ڕاسانەدا شی کردەوە و گوتی: جووڵانەوەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و بەتایبەت چالاکییەکانی ساڵی ١٣٩٥ی هەتاوی، لە کوردستانی ڕۆژهەڵات دەنگدانەوەی بووە و لایەنی چەکداریی و جەولەی پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بەشێوەیەک ئەو ناوچانەیشی گرتووەتەوە و بێگومان لە داهاتوودا بە لەبەرچاوگرتنی گرینگیی سیاسی و جوغرافیایی ئەو مەڵبەندە، کاری زیاتری بۆ دەکرێ و بایەخ بە بواری تەشکیلاتی و کاری ڕێکخستنی هەموو چین و توێژەکان بۆ خەباتی مەدەنی، و ڕێکخستنی لاوە خوێن گەرم و بە هەڵوێستەکان لە ڕیزەکانی هێزی پێشمەرگەی حیزبی دێموکرات، بواری خەبات بەرینتر دەکەین و ئەو کەم و کۆڕیانە یا ئەو لەمپەرانە لە ڕێی بەشداریی چالاکانەی خەڵک و ڕۆڵە شۆڕشگێڕەکانیدا هەبوو بە بەشداریی زیاتریان هەڵدەگرین، و پەیامی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران کە پەیامی پێکەوە ژیان و ڕێزگرتنە لە بەها مرۆییەکان، دەبێتە بنەمای ژیانێکی بەختەوەرانە بۆ گەلی کورد و هەموو دانیشتوانی کوردستان.



**لە داهاتوودا بە لەبەرچاوگرتنی گرینگیی سیاسی و جوغرافیایی ئەو مەڵبەندە، کاری زیاتری بۆ دەکرێ و بایەخ بە بواری تەشکیلاتی و کاری ڕێکخستنی هەموو چین و توێژەکان بۆ خەباتی مەدەنی، و ڕێکخستنی لاوە خوێن گەرم و بە هەڵوێستەکان لە ڕیزەکانی هێزی پێشمەرگەی حیزبی دێموکرات، بواری خەبات بەرینتر دەکەین و ئەو کەم و کۆڕیانە یا ئەو لەمپەرانە لە ڕێی بەشداریی چالاکانەی خەڵک و ڕۆڵە شۆڕشگێڕەکانیدا هەبوو بە بەشداریی زیاتریان هەڵدەگرین**

# دیدار لەگەڵ شەریف فەلاح، نووسەر و چالاکی فەرهەنگی

بەشی چوارەم

## سازدانی: ژووری ڕۆژەڤ لە تۆڕی کۆمەڵایەتیی تێلێگرام

**ڕۆژەڤ: پێتان وایە کاریگەریی خوێندنی زمانی کوردی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەسەر گەشەی بیری نەتەوەیی و ناسیۆنالیزمی کوردی چۆن دەبێت؟**

**شەریف فەلاح:** هەروەک گوتمان بێگومان خوێندن بە زمانی کوردی کاریگەریی یەکجار زۆری لەسەر دروستکردنی کەسایەتیی تاک هەیە و تاکیش وەک یەکێک لە کەسانی ناو کۆمەڵگە بێگومان کاریگەریی لە فۆرمگرتن و گەشەی شعووری نەتەوەییدا هەیە، بۆیە زمانی کوردی دەتوانێت ئەگەر بە شێوەیەکی فەرمی بخوێندرێت و هەموو منداڵانی کورد پێی بار بهێندرێن، بێگومان لە هەست و ناسنامەی نەتەوەیی و دروستبوونی ناسیۆنالیزمی کوردیدا کاریگەریی یەکجار فراوانی دەبێت، یەکێک لە کێشە گەورەکانی ئێمەی کورد کە ئەمڕۆ هەمانە، لەخۆ نامۆبوونە، واتە خولانەوە لەناو بازنەی شوناسدا، یەکێک لە کێشە سەرەکییەکانمان بەداخەوە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان ئەمەیە، کە ئێمە لەگەڵ پاشخانی فکری و پاشخانی ئەندێشەی کوردیدا نامۆین و خۆمان نەناسیوە، تۆ سەیری ئەو خۆنەناسینە بکەن ئەم باوەڕ بە خۆنەبوونە بکەن لە نێو ئەندێشە و هزری تاکی کوردیدا بەتایبەت لە پارێزگاکانی کرماشان و ئیلام لە ساڵانی ڕابردوودا جێگەی گرتووە و خەڵکی ئەو دەڤەرەی لە ناسنامەی نەتەوایەتی دوور خستووەتەوە.

زیندوو بوونەوەی ئەم پرسە کە زمان دەیورووژێنێ، چوونکە لە دەروازەی زمانەوە شوناس بۆ مرۆڤ دروست دەبێت، ماوەی دوو دەیەیە پرسی زمان و گەشەی فەرهەنگی لەو دوو پارێزگایە گرنگەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان خەریکە پەرە دەسێنێت و فۆرم و ئارستەی خۆی دەگرێت.

بۆ سەلماندنی ئەوەش نمونە زۆرن، هەروەک گوتمان یەکێک لە هۆکارە سەرەکییەکانی مانەوەی زمان و فەرهەنگی کوردی تا ئێستا سەرەڕای ئەو هەموو پیلانانەی کۆماری ئیسلامی و حکوومەتە یەک لەدوای یەکەکان بۆ لەنێو بردنی دایانڕشتووە، لەسەر دەستی چالاکوانانی فەرهەنگی و ڕۆشنبیران و ئەدیبان و دڵسۆزانی کورد بووە، چ بەشێوەی (نویسیاری) چ بەشێوەی (زارەکی) ئێستاش بەشێکی زۆر لە هاووڵاتیانی کورد هەر لەژێر کاریگەریی گوتاری زارەکیدان، ئێوە چاو لێ بکەن لە دوو دەیەی ڕابردوودا شیعری کوردیی بە زاراوەکانی (لەکی، فەیلی، کەلهوڕی و لوڕی) شانبەشانی شیعری سۆرانی، لە دوو پارێزگای ئیلام و کرماشان پەرە دەسێنێت و خەریکە ڕەوتێک بەناوی ئەدەبی کەلهوڕی، فەیلی و لەکی و.. دروست بووە وە بەسەدان کتێبی شیعری و چیرۆک، ڕۆمان و ئەدەبی منداڵان و لێکۆڵینەوەی فەرهەنگی و گۆڤار بەو شێوەزارانە چاپ و بڵاو کراونەتەوە، بێگومان ئەوەش کاریگەریی یەکجار زۆری هەبووە لەسەر هەستی نەتەوایەتی لەم دوو پارێزگایەدا و جۆرێک لە گەڕانەوە و وشیاریی نەتەوەیی و زمانی دروست کردووە.

بەپێی ئامارێک کە لەبەردەستدایە لە دوو ساڵی ١٣٩١ و ١٣٩٢دا ڕێژەی چاپ و بڵاوکردنەوەی کتێب بە شێوەزارە جیاجیاکان لە پارێزگاکانی (کرماشان و ئیلام) کە ئەو هەمووە لە جەمسەری بزووتنەوەی فەرهەنگی و سیاسی دابڕاون، دوو بەرانبەر بووە واتە بە بەراوردی ڕێژەی چاپ و بڵاوکردنەوەی کتێبی کوردی بە شێوەزارەی سۆرانی لە دوو پارێزگای سنە و ورمێ، ئەمە جێگای خۆشحاڵیە، ئەمە ئەو پەیامە دەگەیەنێت کە ئاگایی نەتەوەیی، شعووری نەتەوەیی، گەشەی ناسیۆنالیزم لە ڕێگەی زمانەوە لەو دوو پارێزگایەدا لە گەشەدایە، دەبێ حیزبە سیاسییەکان، ئەو لایەنانەی کە خۆیان بە بەرپرسیار دەزانن ئەمە بقۆزنەوە، ئەمە پەیامێکی گرنگە کە ئەو دوو پارێزگایە خەریکە شوناسی خۆیان کە ونیان کردبوو لە نوێ دەیدۆزنەوە، واتە لە خولانەوە لەو بازنەی بێ‌شوناسییە هاتوونەدەر و خەریکن فۆڕم و پێکهاتەیەکی نەتەوەیی کوردی دەگرن، بێگومان هەموو ئەوانە لە ڕێگای زمانەوەیە، لە ڕێگای پەروەردەیەکی نا فەرمی لە دەرەوەی سیستمی کۆماری ئیسلامییەوەیە و ئەو هەموو سیاسەتە (ئاسیمیلاسیۆن) و دژایەتییەی کۆماری ئیسلامی لەو دوو پارێزگایە بە هەموو شێوازێک جێگیری کردووە دەیەوێ لە بازنەی بزووتنەوەی سیاسی و فەرهەگیی کورد دایانببڕێت، دیارە نەیتوانیوە و نەگەیشتۆتە مەبەست و کۆماری ئیسلامی لەم پەیامە گەیشتووە، بەڵام هێشتا بزووتنەوە و چەقی بزووتنەوەی کورد لەم پەیامە نەگەیشتووە، ئێمە دەبێ خوێندنەوەیەکی دیکەمان بۆ ئەم پەیامە هەبێت، ئەمە پەیامی ڕاسان و پەیامی ڕابوون و زیندووبوونەوەی نەتەوەی کوردە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، ئێستا کورد لە بواری فەرهەنگی و لە بواری زمانی‌دا لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەبەردەم قۆناغێکی وشیاریی نەتەوەیی‌دایە، دەبێ پێناسایەکی نوێی بۆ بکرێت، دەبێ چالاکانی فەرهەنگی ئەوانەی کە دەسەڵاتیان بەدەستە و لەنێو دامودەزگاکانی کۆماری ئیسلامیدان لەو ئامرازانە کەڵک وەرگرن بۆ بەستنەوەی شوناسی فەرهەنگی کوردی لەو دوو پارێزگایە بۆ هێنانەوەی بۆ چەقی بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد لە خۆرهەڵاتی کوردستان.

**ڕۆژەڤ: زمانێک کە لە پێوەندییە ئێداری و فەرمییەکاندا حزووری نەبێت، تا چ ڕادەیەک ئەتوانێ زیندوو بمێنێ؟ سەرەڕای نەبوونی لە ناوەندەکانی پەروەردە و زانکۆ و ناوەندە ئەکادیمی و ڕۆشنبیرییەکان بەگشتی، ئایا هەڕەشەی کوشتنی زمانی کوردی لە ئێران هێشتا ماوە؟**

**شەریف فەلاح:** لە وەڵامی ئەو پرسیارەدا کە ئایا زمانێک کە لە برۆکراسی و پەیوەندییە ئیداری و سیاسییەکاندا نەبێت، هەڕەشە لە سەر زیندوو مانەوەی هەیە؟ بێگومان هەیە، بەڵام زیاتر هەڕەشەکە لەسەر ئەو نەتەوانەیە کە لاوازن و لە ڕووی بەرهەمهێنانی ئەدەبی و فکرییەوە ناچالاک بن، ئەم پرسە بە نیسبەت زمانی کوردییەوە تاقی کراوەتە و چەندین جۆر چەواشەکاری و چەندین جۆر سیاسەت و پیلان بۆ لەخشتەبردنی داڕێژراوە، بە نووسراو، بە کوشتن و بڕین و لەناوبردنی نووسەران، بە ڕاوەدوونان، بە سڕینەوەی ناوە کوردییەکان و لابردنی ناوە مێژووییەکان، بەڵام زمانی کوردی هەر وەک خۆی ماوەتەوە، خۆ زمانی کوردی لە ماوەی ٢٥٠٠ ساڵی ڕابردوودا لە هیچ دامودەزگایەکی ئیداریی ئێراندا حزووری نەبووە و لە ٣٧ ساڵی کۆماری ئیسلامیشدا نەبووە، ئایا سڕاوەتەوە؟ بێگومان نا، ئەمە پەیوەندیی بە پێگە و قورسایی زمانی کوردییەوە هەیە کە خاوەن ڕیشە و پاشخانی مێژوویی و زارەکییە.

**ڕۆژەڤ: لەبارەی دەستەواژەی زمانی ستاندارد و واتاکەی و جیاوازیی لەگەڵ زمانی پێوەر و یەکگرتوو ڕاتان چییە و زمانی پێوەر – هاوبەش چۆن دروست دەبێت و لە چ ئاستگەلێکدا بەکار دەهێنرێت؟**

**شەریف فەلاح:** (زمانی ستانداردی کوردی)، من ئەم چەمکە کە لەباتی زمانی پێوەر - هاوبەش بەکار دەهێنرێت، بەهەڵە دەزانم، چوونکە زمانی کوردی خۆی لە خۆیدا زمانێکی ستانداردە، ستاندارد واتە خاوەنی هەموو پێوەر و پێناسە زمانناسییەکانە، واتە لەڕووی مۆرفۆرمۆلۆژی، سینتاکس و هەموو ئاستەکانی زمانەوە فۆرم و قەوارەی داڕێژراوی هەیە، خاوەنی ڕێنووس و ڕێزمانی تایبەت بە خۆیەتی، کەواتە ئەمە پێی دەڵێن ستاندارد، من پێم وایە زمانی کوردی خاوەنی زمانی پێوەر _ هاوبەش نییە، واتە هەتا ئێستا لەلایەن ناوەندێکی فەرمی و یاساییەوە یەکێک لە شێوەزارەکانی نەکراوەتە زمانی پێوەر و هاوبەش و خاوەنی سیاسەت و دیپلۆماسیی زامنی نین، تایبەتمەندییەکانی زمانی پێوەر و هاوبەش کە لەناو دەوڵەت نەتەوەکاندا هەیە، لەم ئاستانەدا بەکار دەهێنرێن، زمانێک کاتێک دەبێتە زمانی پێوەر و فەرمی کە لە ٣ ئاستدا لەنێو دەسەڵات و سیستمی حکوومەتداریدا کاری پێدەکرێت:

**یەکەم:** دەسەڵاتی برۆکراسیی ئیداری، واتە ئەو زمانە لە نامە و نووسینە فەرمییە ئیدارییەکاندا دەبێت بە یەک زمان و شێوەزار بێت کە لە یاسای بنەڕەتی و ناوەندێکی فەرمیی زمانناسیدا بڕیاری لەسەر درابێت.

**دووەم:** ڕاگەیاندن، مەبەست لە بەکارهێنانی زمانی پێوەر لە ڕاگەیاندندا بڵاوکردنەوەی زمانی سیاسی، فەرمی و بڵاوکراوەکانە ڕوو بە دونیای دەرەوە، دەنا لە زۆر وڵات جیا لە زمانی فەرمی و پێوەر، شێوەزار و تەنانەت بن زاراوەکانیش بە فراوانی بەکار دەهێنرێن.

**سێیەم:** سیستمی پەروەردە، لە سیستمی پەروەردەدا دەبێت تێبینیمان بۆی هەبێت، چوونکە لەو وڵاتەی کە زمانێک دەبێتە زمانی فەرمی و پێوەر، لەوانەیە دەیان شێوەزار و زاراوە و بنزاراوەی دیکەش هەبن، دەبێ تێبینیمان بۆ ئەوانەش هەبێت و لە سیستمی پەروەردەدا بۆ هەرکام لەو شێوەزارانە بە شێوازی ڕێنووس و ڕێزمانیان هەبێت و لەبیر نەکرێن، واتە ئەوانەش شێوەزاری ئاخاوتنی خۆیان لەبیر نەکەن، بۆیەش بەمە دەڵێن زمانی پێوەر، واتە لە ئاستەکانی (برۆکراسیی ئیداری، ڕاگەیاندن، سیستمی پەروەردە) کە بەتایبەت لە سیستمی پەروەردەدا دەبێ یەک زمان بێت و ڕەچاو بکرێت، سەرەڕای هەموو ئەم تێبینیانە هەڵبژاردن و دیاریکردنی یەکێک لە شێوەزارەکان وەک زمانی پێوەر و هاوبەش، کاری هیچ لایەنێکی سیاسی و دەسەڵاتدار نییە و کاری زانستیی ناوەندێکی ئەکادیمییە کە هەموو پسپۆڕان و زمانناسان تێیدا بەشدار بن و بە لەبەرچاوگرتنی هەموو تایبەتمەندییە زمانی و کۆمەڵایەتی و فەرهەنگییەکان، بڕیارێک دەدرێت کە بەرەنجامی فەرهەنگی و کۆمەڵایەتیی لێ نەکەوێتەوە، چوونکە زمان پرسێکی ژیاریی زۆر هەستیارە و ئەگەر خراپ بەکار بهێنرێت، پێچەوانەی کاریگەریی ئەرێنی، دەبێتە هۆی لێکترازانی نەتەوەیی و کۆمەڵایەتی.





### کە بە جلی خاکی دەگەڕێنەوە

دەگەڕێنەوە
چیرۆکی زۆر و
ئەفسانەی زۆر و
تابلۆی زۆری نێو جەنگ
دێننەوە.
کە بە جلی خاکییەوە
دەگەڕێنەوە
بۆنی خاک و ڕوان و
ڕەنگ و ڕاسان
بۆ فرمێسکی ڕژاوی

سەر کراسی تاریکی
دایکی شەهید دێننەوە.
کە بە جلی خاکییەوە
دەگەڕێنەوە
بزەی دزراو بۆ سەر لێو
دێننەوە
ڕەنگی ئومێد بۆ پرچی
شێواوی
ژنە شەهیدێ
دەگەڕێننەوە
کە بە جلی خاکییەوە

دەگەڕێنەوە
لەگەڵ خۆیان
زمانێکی نوێی مێژوو
دێننەوە
کە دەگەڕێنەوە
لەگەڵ خۆیان
مێژووی نوێی
پێشمەرگە و
مێژووی پڕ لە شکۆی
ڕاسان دێننەوە.

بەهار حسێنی

KURDISTAN
Organ of the Central Committee of Democratic Party of Iranian Kurdistan ▪ No: 689 ▪ 20 Nov 2016

ڕۆژنامەی «کوردستان» و ماڵپەڕەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران
لە تۆڕی جیهانیی ئینتێرنێتدا:
www.kurdistanmedia.com
info@kurdistanmedia.com
http://www.pdki.org
pdkiran@club-internet.fr
telegram.me/PDKImedia

# ئێران خراپترین دۆخی ئازادیی ئینتێرنێتی لە جیهاندا هەیە

بەربەست و سانسۆری ئینتێرنێت لە ئێران بە شێوەیەکی سیستماتیک لە لایەن حکومەتی ئیسلامییە بەڕێوە دەچێت.

ئازادیی ئینتێرنێت کە لە لایەن ناوەندێکی جیهانییەوە هەڵسەنگێندراوە، بە "نائازاد" وەسف کراوە.

ماڵی ئازادی لە ڕاپۆرتی ئەمساڵی خۆیدا ڕایگەیاند کە؛ ئێران و سووریە بە شێوەی هاوبەش بە پلەی ٨٧ وێڕای چین، سێ وڵاتن کە لە ڕیزبەندیی خشتەی ئازادیی ئینتێرنێتدا، دوایین وڵاتەکانی جیهانن.

بەپێی پێوەری ماڵی ئازادی، باشترین دۆخی ئازادیی ئینتێرنێت، دەرەجەی (٠) وەردەگرێت.

لەو ڕاپۆرتەدا حکوومەتی ئیسلامیی ئێرانی بە دەستبەسەرکردنی چالاکانی ئینتێرنێتی، فیلتێرینگی ماڵپەڕ و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و پێشێلکردنی مافی بەکارهێنەران تاوانبار کردووە.

ماڵی ئازادی ڕاستەوخۆ دەزگای قەزایی و سپای پاسداران لە پێکهێنانی ئەو دۆخەدا بە بەرپرس دەزانێت.

لە دوای هەڵبژاردنە پڕ لە هەراوزەناکانی ساڵی ١٣٨٨، فیلتێری سیستماتیکی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانی وەک فەیس بووک و تویتێر لە ئێران دەستی پێکرد.

ماڵی ئازادی ساڵی ١٩٤١ی زایینی لە ئامریکا دامەزرا، کە ڕێکخراوێکی ناحکوومیە و بۆ داکۆکی لە ئازادیی ڕادەربڕین، ئازادییە سیاسییەکان و مافی مرۆڤ کار دەکات.

# دەزگای قەزایی دوو هاووڵاتیی کوردی دیکەی لەسێدارە دا

بە ئامادە بوونی بەشێک لە بەرپرسانی قەزایی و ئەمنیەتی لە زیندانی ناوەندیی شاری مەهاباد دوو هاووڵاتیی کورد ئێعدام کران.

سەر لە بەیانیی ڕۆژی ١٧ی خەزەڵوەر، دوو هاووڵاتیی کورد بە ناوەکانی "ڕەحیم محەممەدپوور" و کەسێکی دیکە بە ناوی "مێهدی" لە زیندانی ناوەندیی شاری مەهاباد حوکمی ئێعدامیان بەڕێوەچوو.

هەروەها، ڕۆژی سێ شەممە ١١ی خەزەڵوەر، هاووڵاتییەکی دیکەی کورد بە ناوی ئیرج حامیدی کوڕی جەهانگیر، لە زیندانی ناوەندیی شاری سەڵماس ئێعدام کرا.

سەرەتای مانگی خەزەڵوەری ئەمساڵ، بەرپرسانی زیندانی شاری سەڵماس دوو هاووڵاتیی دیکەی کوردیان بە ناوەکانی بەختیار خالیدی و شۆڕش میرزاپووریان لەسێدارە دا.

هەرلەو پەیوەندییەدا، شەوی سێ شەممە، سێ هاووڵاتیی دیکەی کورد لە زیندانی"دەریا"ی شاری ورمێ، بە ناوەکانی "دەروێش مونەزەمی"،"شوعەیب حاتەمی" و "فەرهاد مەنسووری" ئێعدام کران.

بە ئێعدام کردنی ئەو دوو هاووڵاتییە کوردە، ئەمە پازدەهەمین ئێعدامە، لەو ماوەیەدا لەلایەن بەرپرسانی قەزایی حکوومەتی ئیسلامیی ئێران لە زیندانی مەهاباد و ورمێ بەڕێوە دەچێت.

ئەحمەد شەهید ڕێپۆرتێری پێشووی تایبەتی مافی مرۆڤی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان لە ئێران، لە دوایین ڕاپۆرتی خۆیدا سەبارەت بە بارودۆخی پێشێلکردنی مافی مرۆڤ لە ئێران و بە تایبەتی لە ڕەوتی ئێعدامەکان، بە توندی ڕەخنەی لەو وڵاتە گرت.

لە ماوەی ساڵی ڕابردوودا(٢٠١٥)، لە نێوان ٩٦٦ هەتا ١٠٥٤ حاڵەتی ئێعدام لە ئێران ڕوویداوە، کە ئەو ڕێژەیە بەرزترین ڕێژەی ئێعدام لە ئێران لە دوو دەیەی ڕابردوودا پیشان دەدات.

# نەتەوە یەکگرتووەکان دۆخی مافی مرۆڤی ئێرانی مەحکووم کرد



ئەندامانی کۆڕی گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان بە زۆرینەیەکی ڕێژەیی دەنگیان بە پێشێلکردنی سیستماتیکی مافی مرۆڤ لە ئێراندا دا.

سەرلەبەیانیی ڕۆژی چوارشەممە بیست و پێنجەمی خەزەڵوەر، کۆمیتەی مافی مرۆڤی سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکان بڕیارنامەی پێشێلکرانی مافی مرۆڤی ئێرانی پەسند کرد.

پەسندی بڕیارنامەکە بە ٨٥ دەنگی ئەرێ، ٣٥ دەنگی نا و ٦٣ دەنگی بێ لایەن، لە ٧١ەمین دانیشتنی کۆڕی گشتیی نەتەوەیەکگرتووەکان گەیشتووەتە ئاکام.

ئەوساڵ ڕێژەی دەنگی ئەرێ بە بەراوردی پار، ٩ ژمارە زیاتر بووە.لە دەقی پێشنیارکراوی دەوڵەتی کانادا بۆ کۆمیتەی سێهەم، داوای نەهێشتنی هەڵاواردن دژ بە کەمینە نەتەوەییەکان، دەستبەسەر و ئەشکەنجەی چالاکانی سیاسی و مەدەنی لە ئێراندا کراوە.بەلانیکەمەوە، ١٠٠٠ زیندانیی سیاسی پێکهاتوو لە داکۆکیکارانی مافی مرۆڤ، چالاکانی کەمینە نەتەوەییەکان، ڕۆژنامەوانان، وێبلاگنووسان و هونەرمەندان لە ئێراندا بوونیان هەیە.ئامریکا، بریتانیا، عەرەبستان و کانادا دەنگی ئەرێ و عێراق، سووریە، زیمبابوە و ڕووسیەش دەنگی نایان بەو بڕیارنامەیە داوە. هەروەها بڕیارنامەکە داوا لە حکوومەتی ئیسلامیی ئێران دەکات کە هەڵبژاردنەکانی داهاتووی سەرکۆماری بە شێوەی "ئازادانە" و لە "کراوەیی سیاسی" بەڕێوە ببات.

ئێران وەک ساڵانی ڕابردوو وێڕای ڕەت و مەحکووم کردنی بەیاننامەی نەتەوە یەکگرتووەکان، ئەم بڕیارنامەیەی بە "ئامرازی"،"سیاسی" و "دوور لە کەتواری کۆماری ئیسلامی" لێکدایەوە.

ماوەیەک پێش ئێستا عەلی موتەهەری لە جێگرانی بەرپرسی مەجلیسی ئیسلامی گوتبووی کە؛ ڕەخنەکانی مافی مرۆڤی لە ئێران، لەجێی خۆیدایە.بە دەیان ناوەند و خاوەن پلەی دەوڵەتی ئێران لەلایەن ئامریکا و یەکیەتیی ئورووپاوە بە تاوانی پێشێلکردنی مافی مرۆڤ، گەمارۆی نێونەتەوەییان لەسەرە.

# نارازیانی ڕووداوی هوتێل تارای مەهاباد سزای ١٢ ساڵ زیندانیان بەسەردا سەپا



دەزگای قەزایی ئێران بۆ ١٢ هاووڵاتیی کوردی خەڵکی شاری سەردەشت حوکمی ١٢ ساڵ زیندانی تەعزیریی بڕییەوە.

هاووڵاتیانی نارازیی خەڵکی شاری سەردەشت کە هاوسۆزیی خۆیان بۆ قوربانییەکانی ڕووداوی هوتێل تارای شاری مەهاباد دەربڕیبوو، لەلایەن دەزگای قەزایی حکوومەتی ئیسلامیی ئێران سزای زیندان و دانی پارەی غەرامەیان بەسەردا سەپا.دادگای تاوانەکانی شاری سەردەشت حوکمی ١ ساڵ زیندان و دیەی ١٦ میلیۆن و ٢١٠ هەزار تمەنی بەپێی پێوەری "شەریک تاوانی" و "تێکدانی تەکووزی گشتی" بۆ ١٢ هاووڵاتیی ئەو شارە بڕیەوە.ئاژانسی هەواڵدەریی موکریان بە بڵاوکردنەوەی ئەم هەواڵە، شوناسی ئەم ١٢ هاووڵاتییەی بەم چەشنە ڕاگەیاندووە: ١- سەردار ئیسماعیلی، ٢- ڕامین حەسەنزادە، ٣- سەفا حەسەنپوور، ٤- سوهەیلا زبێری، ٥- هێمن جەنەتیار، ٦- سامرەند ئەحمەدزادە، ٧- ئامانج شێخەپوور، ٨- سامان ملکاری، ٩- حوسێن پەریئاقایی، ١٠- محەممەد قادریان، ١١- کامیل ڕەسووڵپوور و ١٢- فەرهاد شێخانی.ئەو ١٢ هاووڵاتییە سەبارەت بە کۆبوونەوەی پشتیوانی لە ڕووداوی هوتیل تارای شاری مەهاباد، لەلایەن دادگای تاوانەکانی شاری سەردەشت هەرکامیان سزای ساڵێک زیندان و هەروەها بە تاوانی تێکدانی نەزمی گشتی، سزای شەش مانگ زیندانیان بەسەردا سەپاوە. ١١ی بانەمەڕی ساڵی ١٣٩٤ی هەتاوی پاش مردنی گوماناویی فەریناز خوسرەوانی لە هۆتێل تارای شاری مەهاباد، خەڵکی ئەو شارە بە نیشانەی ناڕەزایەتی دەربڕین لەو کردەوەیە، ڕژانە سەر شەقامەکانی شاری مەهاباد و ئەم ڕووداوەش توندوتیژی لێکەتەوە، کە بە هۆیەوە هێندێک کەس دەستبەسەر وهێندێکی دیکەش بریندار بوون و هەروەها هاووڵاتییەک لەو ڕووداوەدا گیانی لەدەست دا.